Mitanni Journal

Mitanni Journal

Volume 7 Issue 1 Article4

# The Effectiveness of the Role-Playing Strategy in Developing Metacognitive Thinking Skills and the Sense of Responsibility among Student Teachers at Makhmur College of Education

**Shireen Shadan Jameel**

*-Kurdish Language Department, College of Education - Makhmur, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan, Iraq.*

*-Department of Education and psychology, Koya University, Koya 44001 Erbil, Kurdistan, Iraq.*

**Kawa Ali Muhammed**

*Department of Education and psychology, Koya University, Koya 44001Erbil, Kurdistan, Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article

Shireen ,SH.J.& Kawa .A.M, The Effectiveness of the Role-Playing Strategy in Developing Metacognitive Thinking Skills and the Sense of Responsibility among Student Teachers at Makhmur College of Education. Mitanni Journal, 7(1), Article 04

DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v7n1y2026.pp74-95

This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

ORIGINAL ARTICLE

# The Effectiveness of the Role-Playing Strategy in Developing Metacognitive Thinking Skills and the Sense of Responsibility among Student Teachers at Makhmur College of Education

Shireen Shadan Jameel [1], Kawa Ali Muhammed [2]

[1] -Kurdish Language Department, College of Education - Makhmur, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan, Iraq.
-Department of Education and psychology, Koya University, Koya 44001 Erbil, Kurdistan, Iraq.
[2] Department of Education and psychology, Koya University, Koya 44001Erbil, Kurdistan, Iraq

Abstract

This research aimed to investigate the effectiveness of the role-playing strategy in developing metacognitive thinking skills and enhancing the level of sense of responsibility among student teachers at Makhmur College of Education, Salahaddin University, during the academic year 2024–2025. The researcher adopted the experimental method, where the research sample was selected from students of the Kurdish Language Department, College of Education - Makhmur, during the academic year (2024-2025), totaling (61) students who were randomly divided into two groups: an experimental group of (30) students and a control group of (31) students. An experimental design with two equivalent groups using pre- and post-tests was employed. The experiment was implemented during the first semester of the academic year (2024-2025). Equivalence procedures were conducted for both groups on several variables: chronological age, academic achievement grades (overall and for teaching methods subject), intelligence level, and parents' educational attainment. The experimental group was taught using the role-playing strategy, while the control group was taught using the traditional method. The researcher prepared a questionnaire based on (5) research studies, consisting of 40 items distributed across four dimensions: Planning, Monitoring, Evaluation, and Awareness. Additionally, the researcher developed a questionnaire on the Sense of Responsibility using open-ended questions, comprising 43 items. After verifying the validity and reliability of both scales, they were applied to the experimental sample. The researcher then implemented the research experiment on both groups over a period of 12 weeks. At the end of the experiment, both scales were administered as post-tests to the students in both groups. The collected data were then statistically analyzed using the SPSS software. The results showed a statistically significant difference at the 0.05 significance level on the metacognitive thinking scale across the four dimensions (Planning, Monitoring, Evaluation, and Awareness), as well as on the sense of responsibility scale between the two groups, with both tests favoring the experimental group. Therefore, the null hypotheses are rejected and the alternative hypotheses are accepted. Based on these findings, the researcher provided recommendations and proposed suggestions for conducting similar future research.

**Keywords:** Role-Playing -Strategy- Sense of Responsibility -Student Teacher - Metacognitive Thinking.

Received 04 March 2026; accepted 08 April 2026.
Available online 01 June 2026
* Corresponding author
E-mail address: Shireen.jameel@su.edu.krd
https://doi.org/10.25156/ptjhss.v7n1y2026.pp74-95
2707-7799/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).

# The Effectiveness of the Role-Playing Strategy in Developing Metacognitive Thinking Skills and the Sense of Responsibility among Student Teachers at Makhmur College of Education

**AI usage declaration**

Regarding the use of Artificial Intelligence (AI): My research has passed through the AI detection filter, and the usage rate was only 1%.

**Author contribution**

The researcher has conducted the entirety of the work for this study, as this is a doctoral dissertation for obtaining a PhD degree, where all the work is attributed solely to the researcher and the dissertation supervisor.

**Ethics information**

I assure you that this dissertation causes no harm or disruption to any community, as it is a purely academic and educational thesis.

**Data availability statement**

The researcher retains and safeguards all data related to this dissertation.

**Funding information**

The researcher assures you that they have not received any funding or financial support from any institution for this dissertation.

**Conflict of interest**

As author we confirm that there is no conflict of interest.

**Acknowledgements**

The researcher expresses their profound gratitude to Erbil Polytechnic University and the editorial board of the Mitani Journal for accepting their research for publication in the Mitani Journal.

**Original article?**

Original article.

# کارایی ستراتیژیی ڕۆڵگێران لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی سەروزانەکی وئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لای خوێندکارانی-مامۆستا لەبابەتی بینین وجێبەجێکردن لە کۆلێژی پەروەردەی مەخمور

**پوختە**
ئامانجی توێژینەوەکە زانینی"کارایی ستراتیژی ڕۆڵگێران لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی سەروزانەکی وئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای خوێندکاری مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی مەخموور لە زانکۆی سەلاحەددین بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥" بوو. توێژەر ڕێبازی ئەزموونیی بەکارهێنا، کە نموونەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی-مەخموور (٢٠٢٤-٢٠٢٥) هەڵبژێردرا و ژمارەیان گەیشتە (٦١) خوێندکار کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکران بۆ دوو گرووپ: گرووپێکی ئەزموونی کە (٣٠) خوێندکاری تێدابوو و گرووپێکی کۆنترۆلکراو کە (٣١) خوێندکاری تێدابوو. ئەزموونەکە لە ماوەی وەرزی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) جێبەجێکرا. ڕێکارەکانی هاوتاکردن بۆ هەردوو گرووپەکە لە ژمارەیەک گۆڕاودا ئەنجامدرا: تەمەنی خوێندکار و دەستکەوتی خوێندن لە نمرەی(تێکرای گشتی-لە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە)، ئاستی زیرەکی، و دەستکەوتی خوێندنی باوان. گرووپی ئەزموونی بە ستراتیژی ڕۆڵگێران وانەیان پێ وترایەوە، لەکاتێکدا گرووپی کۆنترۆلکراو بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ وترایەوە. توێژەر ڕاپرسی(سەروزانەکی) ئامادەکرد بە پشتبەستن بە (٥) توێژینەوە کە ڕاوەگری لە(٤٠) برگە پێکهاتبوو کە دابەشکرابوون بەسەر چوار تەوەردا (پلاندانان - چاودێری - هەڵسەنگاندن - هۆشیاری). هەروەها توێژەر ڕاپرسییەکی تری بۆ (هەستکردن بە بەرپرسیارێتی) ئامادەکرد بە پشتبەستن بە ڕاپرسی کراوەو لە کۆتاییدا توانرا (٤٣) برگە. دوای پشتڕاستکردنەوەی ڕاستیەتی وجێگیریەتی، هەردوو پێوانەکە لەسەر نموونەی ئەزموونی جێبەجێکران. و ئەزموونەکە بۆ ماوەی (6) هەفتە بەردەوام بوو. دوای کۆکردنەوەی داتاکان،شیکرانەوە ئاماری بۆ کرا بە بەکارهێنانی بەرنامەی .(SPSS) ئەنجامەکان نیشانیاندا کە:بوونی جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لەهەردوو گروپەکەدا پێوانەکانی بیرکردنەوەی سەروزانەکی وئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی بوو.پاشان توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێک خستە ڕوو.
**کلیلە وشە: ستراتیژیە -ڕۆڵگێران- بیرکردنەوەی سەروزانەکی- هەستی بەرپرسیارییەتی- خوێندکاری مامۆستا.**

بەشی یەکەم/ ناساندنی توێژینەوەکە

یەکەم :کێشەی توێژینەوەکەResearch Problem

ئەمڕۆ جیهان بە قۆناغێکی گرنگی شۆڕشی زانست و زانیاریدا تێدەپەڕێت، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەخوازێ کە بەدوای توێژینەوەو بیرۆکەی نوێدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووبەڕووی داخوازییەکان ببێتەوە، بۆیە لەسەر دامودەزگاکانی فێرکردن پێویستە نەك تەنها ببنە ناوەندی گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو یارمەتی خوێندکاران بدەن تا زانیارییەکان دابەزێننە ئاستی جێبەجێکردن، تاوەکو بتوانن ڕووبە ڕووی ئاڵنگارییەکان وپێشکەوتنە خێراکان ببنەوە، ئەمەش دەکرێت لە ناوەندەکانی خوێندن کاری لەسەر بکرێت.لەئێستادا لە بەشێکی زۆری کۆلێژەکانی پەروەردەدا بە تایبەتی قۆناغی چوارەم خوێندنی بابەتی(بینین وجێبەجێکردن) بەشێوازێکی کلاسیکی دەوترێتەوە کە زیاتر پشت بەلەبەرکردنی زانیارییەکان دەبەستێت و بواری بیرکردنەوە وڕۆڵگێران بە خوێندکارانی نادات،بۆ ئەوەی مامۆستایانی بابەتی(بینین وجێبەجێکردن)ئەو قۆناغە تێپەڕێنن پێویستە ڕێگاوشێوازە جیاوازەکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ پیادەبکەن،تاوەکو خوێندکاران ببنە چەقی فێربون و توانای ڕۆڵگێران وبیرکردنەوەیان بەهێزبێ و بتوانن چارەسەری کێشەکان بکەن .

لەم ڕووەوە توێژەر ستراتیژی ڕۆڵگێران بەکاردەهێنێت لە قۆناغی چوارەم لە پرۆگرامی بابەتی(بینین وجێبەجێکردن) ،چونکە ئەم ڕێگایە یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی باش ڕۆڵی خۆیان (وەک مامۆستای داهاتوو)بە تەواوی ئەنجام بدەن. فێرکردنی کارامەیی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی دروست نایەتەدی لەژێر سایەی ڕێگا کلاسیکییەکاندا، لەبەرانبەردا پێویستە گەڕان بۆ ئەو ستراتیژیانە بکرێت کە تێیدا ڕۆڵی زیاتر بە خوێندکار دەدەن وکاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وانەوتنەوەیان وەک خوێندکاری-مامۆستای دا ، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر کێشەی توێژینەوەکەیان لەم پرسیارەدا کۆکردەوە: (ئایا بەکارهێنانی ستراتیژی "ڕۆڵگێران کارایی دەبێت لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی سەروزانەکی وئاستی هەستکردنی بەرپرسیارێتی لای (خوێندکاری مامۆستا) لە بابەتی بینین وجێبەجێکردن لە کۆلێژی پەروەردەی مەخموور؟

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە Research Importance

توێژەر ستراتیژییەی ڕۆڵگێران هەڵبژارد، چونکە گرنگێکی زۆری هەیە لە بواری وانەوتنەوەدا ، کار لە پیشەیی وکەسایەتی مامۆستا و کار لە واتاداری و کورتی پوختی بابەتەکە دەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە تێگەیشتنێکی بەردەوام کە لە هزری دەمینێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە بابەتی "بیین وجێبەجێکردن" .زۆر گرنگە "مامۆستای خوێندکار"(ڕاهێنەر) ئەم بابەتە بخوێنن چونکە ئەو ڕاهێنەر چەندە زیاتر شارەزای لە پیشەی مامۆستایەتی و لە وانەوتنەوە هەبێت زیاتر شارەزای لە جوڵە و جستەی خوێندکاران دەبێت کە چۆن لە هەرکاتێکدا لە هەرجولەیەکدا شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، مامۆستا بەهۆی شارەزایی و تێرمانی زیاتر دەزانێت کام قوتابی چالاکە -خەواڵوو وماندووە...)لە کاتی وانەوتنەوەدا. هەموو ئەمانەش باشتر دەبێت ئەگەر خوێندکار بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت وخۆی فێربکات کەواتە فێربوون خود کردارێکی ڕێکخراوە و مەبەستدار و ئامەنجدارە لەسەر ڕوداوەکانی فێربوون،لەم دوو ستراتیژییەدا خوێندکار خوی بەرپرسە لەسەر بەرەوپێشچونی لایەنی ڕۆشنبیری و گەشەی پیشەیی بەجۆرێك بەرپرسیارییەتی دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی فێربوونی تاك،

دابڕێژێت و پلان بۆ چالاکییە فێرکارییەکانی دابنێت و سەرچاوەی فێربوون بدۆزێتەوە.گرنگانەیە کە وزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە دەیانەوێت بەدیبهێنن بەهۆی کاریگەریە زۆرەکەی کە:-

1- ئەم توێژینەوە گرنگە ،چونکە تا ئێستا بەپێی زانیاری توێژەر ئەم ستراتیژیە لەسەر ئەم قۆناغە جێبەجێ نەکراوە بە شێوەیی پراکتیکی بۆ ئەوەی خوێندکار سوودی لێوەربگرێت وەك ڕاهێنەر لە بابەتی بینین وجێبەجێکردن.(بەپێی زانیاری توێژەر لە کوردستاندا و دەرەوەی کوردستان توێژینەوەیەکی هاوشێوەیی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام نەدراوە ، بۆیە توێژەر دەیەوێت کاتێك ستراتیژیە ڕۆڵگێران جێبەجێبدەکات وبزانێت لەپەرەپێدانی خوێندکارەکان لە سەروی زانەکی و هەستی بە بەرپرسیارییەتی لە پیشەیی خۆی وەك مامۆستای داهاتوو بکات ).

2- سوود لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە لایەنی پەیوەندیدار و تایبەتمەند بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی دێتە پێش خوێندکاری مامۆستا لەکاتی ڕۆڵگێران (ڕۆڵی مامۆستا ) لە بابەتی (کۆنترۆلکردن-شێوازی فێربوون-سەرکەوتنی مامۆستا...)،وهەروەها لەکاتی ڕاهێنەریش.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکەResearch Purposes

زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی ڕۆڵگێران لەکارەمەیەکانی پەرپێدانی سەروی زانەکی وپەرپێدانی هەستی بەرپرسیارییەتی لای(خوێندکاری مامۆستا) لە بابەتی (بینین وجێبەجێکردن).لە قۆناغی چوارەمی خوێندنی زانکۆییدا.

چوارەم:گریمانەکانی توێژینەوەکەResearch Hypotheses

ئەم گریمانە(سفریە) بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئامانجی توێژینەوەکە

1- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05 ) بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی یەکەم کە بە ڕێگای(ڕۆڵگێران) وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گرووپی کۆنترۆلکراوکە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی سەروی زانەکی.

2- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05 ) بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی یەکەم کە بە ڕێگای(ڕۆڵگێران) وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گرووپی کۆنترۆلکراوکە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی هەستی بەرپرسیارییەتی.

پێنچەم:سنوری توێژینەوەکە: Search Limits

١.سنوری مرۆیی :هەموو خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە بەشی کوردی کولێژی پەروەردەی مەخموور.

٢ .سنوری کات: وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندن(2025- 2024)

٣.سنوری شوێن: زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی مەخموور.

٤.سنوری بابەت: چەند بابەتێک لەبابەتەکانی (بینین وجێبەجێکردن)بریتین لە: ناساندنی (چەمکی بینین-گرینگی ومەرجەکانی ورەگەزەکانی بینین- ئەرکەکانی خودییەکان وبابەتییەکان- چەمکی پەروەردەی کرداریی- ئامانج ورەگەزەکانی وقۆناغەکانی پەروەردەی کرداری-ئەرکی پەروەردە- چەمکی جێبەجێکردن- کەساییەتی وتایبەتمەندەکانی مامۆستا-کۆنترۆڵی پۆل- بنەما ڕەوشتییەکانی پێشەی فێرکاری- گرفتەکان لەکاتی کرداری جێبەجێکردندا)

شەشەم:دیاریکردن وپێناسەکردنی زاراوەکان: Definition the terms

*ستراتیژیەی ڕۆڵگێران Role Playing Strategy : بەم شێوەییە پێناسەی (ستراتیژیەی ڕۆڵگێران)یان کردووە :

- (داخل ،2024):" توانای تاک ئەوەیە کە شتەکان بە شێوەیەکی هاوشێوە ئەگەر بە ڕێژەیش بێت، و توانای لاساییکردنەوە و بەرجەستەکردنە، کە لە ئیمپرێشن و ژیان یان ڕاستییە خەیاڵییەکانەوە وەریدەگرێت و دەیانگۆڕێت بۆ ئەوەی دەست لە عەقڵ و ویژدان بدات لە فۆرمەکەدا لە دۆخەکان، بۆ نموونە (هونەرەکانی دراما، هونەرەکانی زمان، بارودۆخی گێڕانەوە، ودەنگی, هتد)" (داخل،2014: 162)

- پێناسەی رێکاری ڕۆڵگێران لای توێژەر" بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیە لەلایەن خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە وانەی بینین وجێبەجێکردن، کە تێیدا خوێندکاران بە شێوەی نواندن، ڕۆڵی مامۆستا لەناو پۆل دەگێڕن لە بابەتەکانی( مامۆستای سەرکەوتوو، کۆنترۆڵی پۆل، و ئەرکە پیشەییەکانی مامۆستا، بە پێی هەنگاوەکانی ئامادەکاری هزری،ونمایش،گفتوگۆ وهەڵسەنگاندن بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی پەروەردەیی، پیشەیی وکرداری خوێندکاران لە بواری فێرکاری.

*سەروی زانەکیMetacognitive :

بەم شێوەییە پێناسەی(سەروی زانەکی)یان کردووە :

(Flavell،1979) :کارامەیی سەروزانەکی بریتییە لە هۆشیاری تاك بەرپرۆسە زانەکیانی خودی و دەرئەنجامەکانی کە بە دەستی دەهێنێ و زانینی بە لایەنی هێزو لاوازی زانەکی خۆی ، هەروەها هەستکردنی بە هەرشتێك کە بەم پرۆسانەوە پەیوەندیار بیت وەك تایبەتمەندی زانیارییەکان و لایەنە جیاوازەکانی فێربوون و بە تایبەتی فلاقل کارامەییەکانی سەروزانەکی بە چاودێری چلاك و ڕێکخستنی خودی دادەنێت کە پەیوەندیدارە بە پرۆسەی زانەکیەکان ، لەگەڵ گونجاوی ئەم پرۆسە زانەکیانە بە ئامانجێکی زانەکی دیاریکراو.(Flavell, 1979:907) .

سەروزانەکی پێناسەیی ڕێکاری: کۆی ئەو نمرەیەیە کە خوێندکار لە ڕێگەی وەڵامەکەیەوە بۆ پێوەرەی کارامەیی بیرکردنەوەی سەروی زانەکی کە پێکهاتووە لە چوار ڕەهەند(پلاندانان-چاودێریکردن-هەڵسەنگاندن-هۆشیاریی)ی.دادەنرێت. کە لەلایەن توێژەرەوە و لەم توێژینەوە بەکاری دەهێنی.

* هەستکردن بە بەرپرسیارێتیA Sense Of Responsibility :

بەم شێوەیە پێناسەی (هەستکردن بە بەرپرسیارێتی) دەکات:
(Nasiba, 2022) - دروستبوونی بەرپرسیارێتی پیشەیی لە خوێندکاردا لە ڕێگەی پراکتیکی پێداگۆژیکەوە ڕوودەدات، بەو پێیەی درک بە گرنگی بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن وهەستێکی ڕاستەوخۆی لێپرسینەوە لە بەرامبەر کردارەکانیاندا دەچێنن، کە ئەمەش شتێکی بنەڕەتییە بۆ پەرەپێدانی کولتوورێکی پیشەیی بەهێز لە مامۆستایانی داهاتوودا.(Nasiba, 2022:66) .
پێناسەی توێژەر بەرپرسیاریەتی پێناسەیی ڕێکاری: کۆی ئەو نمرەیەیە کە خوێندکار لە ڕێگەی وەڵامەکەیەوە بۆ پێوەرەی کارامەیی هەستی بەرپرسیارییەتی.دادەنرێت. کە لەلایەن توێژەرەوە و لەم توێژینەوە بەکاری دەهێنی.
تەوەری دووەم/ چوارچێوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

**یەکەم /** چوارچێوەی تیۆری

**یەکەم/ ستراتیژی ڕۆڵگێران Role-Playing Strategy**

*چەمکی ڕۆڵگێران :

ستراتیژی ڕۆڵگێران ؛ یەکێکە لەو ڕێگە فێرکارییانەی کە پشت بە نواندنی ئەو هەڵوێستانە دەبەستێت کە کێشەیەك پێویستی پێیانە، پاشان مشتومڕکردن لەسەر ئەنجامەکانی نواندنکارییەکە و پوختەکردنەوەی گرنگترین بەها کەسی و کۆمەڵایەتییەکان و دڵنیابوون لێیان، چونکە ڕێگەیەکی فێرکارییە و لە ڕێگەی نواندنی ئەو ڕۆڵەی لە ناو هەڵوێستێکدایە بایەخ بە چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات، چونکە کێشەکە دیاری دەکات و بایەخ بەو ڕۆڵە دەدات کە لە ناویدا هەیە و پێویستیی بە نواندنە، پاشان ئەو ڕۆڵگێران انە وکاتێکیش پرۆسەی نواندنەکە کۆتایی هات، ئیدی مشتومڕ لەسەر ئەوەی لە نواندنەکەدا خرایەڕوو ئەنجام دەدرێت. نواندن و ڕۆڵگێران بەوە پێناسە دەکرێن کە هەوڵی لاساییکردنەوە، یان هەوڵی گەڕاندنەوەیە، بەمەش دەبێتە ئامرازێك و شوێنی ڕاستی دەگرێتەوە، یان ڕێگە بە بەدواداچوونی دەدات . (حلس، 2003: 63).

ستراتیژیەتی ڕۆڵگێران و پەرەسەندنی لە میانی ڕۆژگارەوە بە ستراتیژیەتی ڕۆڵگێرانی شێوازی فێرکاری دادەنرێت، کە بەپێی ڕۆژگار پەرەیسەندووە و بوارەکانی بەکارهێنانیشی زۆر بوون، وەکو فێرکردن و دەروونزانی و دراما. زۆرێك لە بیرمەندانیش بەشدارییان لە پەرەسەندن و ئاوێتەکردنی ئەو تەکنیکەدا هەیە و دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

(Kurt Lewin): زانایەکی دەروونزانی بوو. بە یەکێك لەو کەسایەتییە پێشەنگانە دادەنرێت کە چەمکی "لاساییکردنەوە- المحاكاة" و " ڕۆڵگێران "ی لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو بەکارهێناوە، بە جۆرێك ئەو پێیوابوو کە لاساییکردنەوە توانای تێگەیاندنی لە جوولەی گرووپ و کۆمەڵەکەسەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی کاریگەرانەتر هەیە. (Lewin, 1951 :78).

(Victor Turner ) : توانی پەرە بە تەکنیکەکانی ڕۆڵگێران لە ناو ڕەوشی فێربوون و لە میانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بدات، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر بەهێزکردنی کارلێکی چالاك و فێربوونی هەرەوەزی و بەگەڕخستنی ڕۆڵەکان بۆ هاندانی بەشداریکردنی کارایانەی خوێندکاران و ڕاڤەکردنی گرنگیی ڕۆڵگێران لە دراما دەروونییەکاندا. مۆرینۆ بایەخێکی تایبەتی بەو لایەنە دا و سێ جۆری دیاری و دەستنیشان کرد:

- ڕۆڵی جەستەیی: وەکو کەسێکی وەرزشوانی چاوچنۆك، کە حەزی لە خەو بێت، لێرەدا ڕۆڵەکەی لە میانی خەسڵەتە فیزیکییەکانەوە دەستنیشان دەکرێت.
- ڕۆڵی سایکۆدرامی: ئەمەشیان نواندنی ئەو ڕۆڵانەیە کە سیما و خەسڵەتی دەروونییان هەیە، وەکو نواندنی ڕۆڵی پاڵەوان، یان ئەستێرەی سینەما وکەسایەتییە ناسراوەکانی دیکە، کە لە خەیاڵدا دەگەشێنەوە و پێشدەکەون.
- ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان: وەکو پیشە، ڕۆڵی ئەندامانی خێزان و هاوڕێیان و کۆتا ڕۆڵ کە دەکرێ پێی بسپێردرێت. (Turner, 1969:121).

***هەنگاوەکانی ڕۆڵگێران :**

لە ڕۆڵگێران و نواندنکاریدا؛ زۆر پێویستە مامۆستا لە تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنی خوێندکار و پێشکەشکردنی وورووژێنەرە سەرنجڕاکێشەرەکانی تێبگات و سووربێت لەسەر پێدانی ئازادیی تەواو لە جووڵە و دەربڕین و ڕێزگرتنی ڕاوبۆچوونەکانیان لە هەڵسوکەوت و ئەو یارییانەی ئارەزووی دەکەن، لەوانەیە گرنگترین هەنگاوەکانی پیادە و پراکتیزەکردنی ڕێگەی ڕۆڵگێران ونواندنی دراما توێژەر هەروەک لە پلانەکانیدا ڕوەنکراوەتەوە وەک ئەم هانگاوانەی خوارەوە لە بابەتی (بینین وجێبەجێکردن)بۆ خوێندکارانی قۆناغی چوارەمدا جێبەجێکرد:

1- **قۆناغی ئامادەکردن وخۆسازدان:** لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە و دڵنیابوون لەوەی شێوازی ڕۆڵگێران هکە بە باشترین شێواز بێت لە فێرکردنی و دەستنیشان کردنی ئامانجەکان و دیاریکردنی ڕۆڵەکان وکاتی پێویست و دابەشکردنی هەر ڕۆڵێك بۆ خوێندکاران.
2- **ساز و ئامادەیی هزری:** لەم هەنگاوەدا مامۆستای بابەت خوێندکاران لە ڕووی هزری و دەروونییەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکە ساز و ئامادە دەکات، ئەوکاتە کێشەکە دەخاتەڕوو و بە خوێندکارانی دەناسێنێت و بۆ ئەوە ڕێنمایی و ئامۆژگارییان دەکات و ئەوەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو دەیەوێ لە میانی ئەم پرۆسەی نواندنکارییەوە چ چیرۆکێك بگێڕێتەوە و چ ئامانجێك بپێکێت، هەروەها ڕۆڵی هەر کەسێکیشیان دابەش بکات بۆ ئەوەی لەلایەن خوێندکارانەوە ئەنجام بدرێن.
3- **ساز و ئامادەکردنی شانۆ:**مامۆستا دەست بە سازدان و ئامادەکردنی شانۆ دەکات لە ڕووی شوێنی دانیشتنی بینەران و هەواگۆڕکێ و پێداویستییەکانی دیکەی پرۆسەی نواندن، داوا لە ئەکتەرەکانیش دەکات خۆیان بۆ دەستپێکردنی ڕۆڵەکانیان ئامادە بکەن.
4- **ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی بینەران:** مامۆستا بینەران (خوێندکاران) ڕێنمایی و ئاڕاستە دەکات بۆ ئەوەی چی لەسەریانە، وەکو بینەر ئەنجامی بدەن و پێویستە تێبینیی خۆی بخاتەڕوو و بتوانێت کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات و تۆماریشی بکات، هەروەها دوای تەواوبوونی پرۆسەی نواندنەکەش پێویستە چۆن بەشداری لە گفتوگۆ و مشتومڕەکاندا بکەن و پرسیارەکانیان ئاڕاستە بکەن.

5- **نواندن:** نواندن دەست پێدەکات و هەر کەسە و ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، لەسەر مامۆستاش پێویستە نواندنەکە ڕابگرێت، ئەگەر هەڵەیەك ڕوویدا و سووربێت لەسەر پاراستنی هێمنی شوێنەکە و بەخشینی دەرفەت بۆ تۆمارکردنی تێبینییەکان.

6- **مشتومڕ و هەڵسەنگاندن:** خوێندکاران دەست بە پرۆسەی نواندنەکەیان و ڕۆڵگێڕان هەکەیان دەکەن ، لە ڕووی ڕۆڵگێڕان هەکانیان و واقیعی ئەدای خۆیان و ناوەڕۆکی بابەتەکە و مشتومڕی نواندنکارەکان تیای وگەیشتن بە پێشنیاری گونجاو بۆ پەرەپێدان و دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆڵەی پێویستی بە دووبارەکردنەوە هەیە.

7- **دووبارە نواندنکردن:** لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشنیار و تێبینییانەی کە بینەران (خوێندکاران) لە هەنگاوی هەڵسەنگاندن پێی گەیشتن و تاووتوێیان کرد، پێویستە نواندنەکە دووبارە بکرێتەوە و لەوانەیە دووبارەکردنەوەکە زیاتر لە جارێکیش بێت.

8- **هەڵسەنگاندنی کۆتایی:** مامۆستا هانی خوێندکارانی دەدات بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانیان دەربارەی واقیعی ئەو چارەسەرەی بە پێویستی دەزانن، کە لە ڕێگەی نواندنەکەوە لەلایان گەلالە و بەرجەستە بووە، هەروەها دەستنیشانکردنی ئاستی واقعیبوونی چارەسەرەکان، هەنگاوەکانی ڕۆڵگێڕان ی خوێندکارانیش بەپێی بنەمای ڕێکوپێك و پێشوەختە داڕێژراو ئەنجام دەدرێت و بەڕێوەدەچێت، هەڵبەتە ئەمەش پێویستیی بە مامۆستایەکی بە توانا هەیە بۆ نەخشەکێشانی هێڵە سەرەکییەکانی مەبەستی نواندنەکەی. (السلامي، 2006: 53-54).

لێرەدا توێژەر توانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەزمونەکەی سوود لەم هەنگاوانەی ستراتیژییەی ڕۆڵگێران وەربکرێت و جێبەجێبکات ڕێگایەکی گرنگە کە بتوانرێت بە هەنگاوەکانی بەکاربهێنرێت کە پشت بە کارلێکی نێوان مامۆستا وخوێندکار دەبەستێت، خەسڵەتی ئەم جۆرە ڕێگایە ئەوەیە کە خوێندکار ڕۆڵێکی سەرەکی وکارای هەیە و بەردەوام بە خستنەڕووی وەڵامەکان وتێبینیەکانی هەیە.

**دووەم/ بیرکردنەوەی سەروو زانەکی: Metacognitive Thinking**

" زاراوەی **Metacognition** /ما بعد المعرفة- سەروو زانەکی /ما فوق المعرفی" لەوانەش ، لە زمان بە چەندین هاواتا بەکاردەهێنرێت" پشت زانەکی - الميتا معرفية/ ميتاى زانەکی - ما وراء الادراك/ پشت درکپێکردن - التفكير فی التفكير/ بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە - التفكير حول التفكير/ بیرکردنەوە سەبارەت بە بیرکردنەوە - المعرفة الخفية/ زانەکی شاراوە". هەروەها (Cox, 2005) ئەویش ئەم ناوانەی لێناوە: (التفكير فی المعرفة/ بیرکردنەوە لە زانەکی - التعلم حول المعرفة/ فێربوون دەربارەی زانەکی - التحكم فی التعلم/ کۆنترۆڵکردنی فێربوون - المعرفة حول المعرفة/ زانەکی دەربارەی زانەکی - التفكير فی التفكير/ بیرکردنەوە لە بیرکردەوە). (Cox, 2005:39).

ڕەگوڕیشەی مێژوویی ئەم چەمکە ، لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ سوقرات و شێوازی لە گفتوگۆ و مشتومڕکردن، پاشان ئەفلاتون: کاتێك وتی: "کاتێك عەقڵ بیر دەکاتەوە، ئەوە بۆ خۆی دەدوێ و قسان دەکات" (الدلفي، 2012: 36). چەمکی سەروو زانەکی لەو چەمکانە دادەنرێت کە تازە هاتوونەتە ناو بابەتی دەروونزانیی زانەکییەوە، خەریکە بە یەکەم کەس دابنرێت کە ئەم چەمکەی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەکارهێناوە. کە John Flavell ئەویش لە میانی توێژینەوەیەکی سەبارەت بە پرۆسەکانی یادگە بەدەستهێناوە، کاتێك یەکەم لێکۆڵینەوەی لەم بوارەدا جەختی لەسەر باشترکردنی توانای منداڵان لەسەر وەبیرهاتنەوە کردەوە، ئەوەش لە میانی کارکردن بۆ یارمەتیدانیان لەسەر بیرکردنەوە لەو ئەرکانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و پاشانیش بەگەڕخستنی ئەو ستراتیژیەتانەی کاریان پەرەسەندنی زیاتری وەبیرهاتنەوە بوو، لە سەرەتاوە ناوی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەشی نا چەمکی سەروو زانەکی. (Flavell, 1979:908)

***گرنگی پەروەردەیی بیرکردنەوەی سەروو زانەکی :**

بیرکردنەوەی سەروو زانەکی، بە بەرزترین ئاستیەکانی چالاکیی عەقڵی دادەنرێت، کە وا لە تاك دەکات هوشیاری خودی هەبێت، ئەوەش لە بەرئەوەی ئاستیکی ئاڵۆزی بیرکردنەوەیە و پەیوەستە بە چاودێریکردنی تاك بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی عەقڵی.کۆدەنگی و هاوڕایی ژمارەیەك لە پەروەردەکارانی لەسەر بەکارهێنانی خوێندکاران بۆ بیرکردنەوەی سەروو زانەکی لە هەڵوێستە جیاوازەکانی فێربوون کۆکردۆتەوە، ئەمەش یارمەتیی دابینکردن و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی فێرکاری ئەوتۆ دەدات کە بیرکردنەوە بورووژێنێت و بەشداری لە هێنانەدیی ئەمانەی خوارەوەشدا بکات:

1) چاکترکردنی توانای فێرخواز (خوێندکار) لەسەر تێگەیشتن.
2) چاکترکردنی توانای فێرخواز لەسەر هەڵبژاردنی ستراتیژیەت و پێوەری کارا و کاریگەری و گونجاوتر.
3) چاکترکردنی توانای فێرخواز لەسەر شیمانە و پێشبینیکردنی یەکێك لە کاریگەرییە ڕێکخراوەکان، لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژێك لە ستراتیژی یەکان، نەك ئەوانەی دیکە.
4) یارمەتیدانی فێرخواز لەسەر ئەنجامدانی ڕۆڵی ئەرێنی لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ڕێکخستنیان و بەدواداچوونیان و هەڵسەنگاندنیان لە کاتی پرۆسەی فێربوون. (بهلول، 2004: 152).

**سێیەم/ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی (Sense of Responsibility):**

***چەمکی بەرپرسیارێتی بە شێوەیەکی گشتی:**

(النعانی، 1980)کە(الفت، 2018) ئاماژە پێکردوە :پێناسەی بەرپرسیارێتی بەوە دەکات، کە بەرپرسیارێتی بریتییە لە توانای بەخشین، زاراوەی (Responsible)ی لێوە وەرگیراوە، واتە کەسێك متمانەی پێ دەکرێت، یان بەرپرسێك، یان کەسێك توانای پابەندبوونی هەبێت، یان دانەوەی قەرزەکانی. مامۆستاش بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پەروەردەیی و فێرکارییانەی کە لە ناو قوتابخانە دەکەونە ئەستۆی. (ألفت، 2018: 46)، هەروەها (قاسم، 2008) بەوە پێناسەی دەکات کە "بەرپرسیارێتیی تاکە دەربارەی خودی خۆی و بەرپرسیارێتیی بەرانبەر خێزانەکەی و هاوڕێکانیشی، هەروەها بەرانبەر ئاین و نیشتیمانەکەیشی، لە میانی تێگەیشتنی لە ڕۆڵی لە ناو کۆمەڵگا و لە هێنانەدیی ئامانجەکانی و بایەخدانی بە کەسانی دیکە لە میانی پەیوەندییە ئەرێنییەکان و بەشداریکردنی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و هێنانەدیی ئامانجە گشتییەکانی" (قاسم، 2008: 23).

***ڕەگەزەکانی (توخمەکان)هەستکردن بە بەرپرسیارێتی :**

ڕەگەزەکانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

**1- گرنگدان:**

مەبەست لێی پەیوەستگیریی سۆزدارییە بەو کۆمەڵەی کە تاك سەربەوانە و بەشێکیشە لێیان، بچووك یان گەورە بێت، بۆیە ئەو پەیوەستگیرییەی سووربوون لەسەر بەردەوامیدان بە پێشکەوتنی و یەکانگیری و گەیشتن بە ئامانجەکانی و ترس لەوەی تووشی هەرهەلومەرجێك دەبن و دەبێتە مایەی لاوازکردن ، یان هەڵوەشاندنەوەیان تێکەڵی یەکتری دەبن و دەکرێ لە توخم و ڕەگەزی بایەخدان چوار ئاست جیا بکرێتەوە و بریتین لەمانەی خوارەوە:

**ئاستی یەکەم:** هەڵچوون لەگەڵ کۆمەڵ؛ ئەمەش خۆی لە سادەترین وێنە لە وێنە و شێوەکانی بایەخدان بە کۆمەڵەوە دەبینێتەوە، چونکە تاك لەگەڵ ئەو حاڵەتە هەڵچوونانەدا خۆی دەگونجێنێت کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشەرانە، نەك خۆنەویستانە بەریان دەکەوێت، حاڵەتیش لەم ئاستەدا بریتییە لە حاڵەتی پەیوەستگیریی ئۆرگانیکی بە کۆمەڵەوە، کە دکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەندامێك لە ئەندامەکانی، بەوەی لەو کۆمەڵەوە دێتە ئاراوە، بە بێ هەڵبژاردن یان مەبەستێك لەلایەن ئەو ئەندامانەوە، چونکە تاك لەم ئاستەدا بە شێوەیەکی هەڵچوون خۆی دەگونجێنێت.

**ئاستی دووەم:** هەڵچوون لەگەڵ کۆمەڵ، بە شێوەیەکی ئیرادی، چونکە لە کاتی هەڵچوونی لەگەڵ کۆمەڵ درك بە خۆی دەکات.

**ئاستی سێیەم:** یەکگرتن لەگەڵ کۆمەڵ و هەستکردنی تاك بە تەنیایی چارەنووسسازی لەگەڵیاندا، چونکە خێریان خێر و شەڕیان شەڕ دەبێت و کاریگەریی بۆ سەر هەردوولایان دەبێت.

**ئاستی چوارەم:** بە واتای عاقڵمەندبوونی کۆمەڵ و دوو بەشی هەیە:

1. **نیشتەجێبوونی کۆمەڵ؛** واتە کۆمەڵ لە هزری تاك و تێڕوانینی عەقڵیدا جێگیر دەبێت.
2. **بایەخدانی بیرمەندانە؛** واتە بایەخدانی هاوسەنگ و هاوتا بە کۆمەڵ وکێشە و ئایندە وچارەنووسی، ئەو بایەخدانەش، ئاستی باڵایە لە ئاستەکانی بایەخدان بە کۆمەڵ و پەیوەست بە گەشەی عەقڵەوە.(عثمان،2010: 205).

**-2 تێگەیشتن :**

بۆ دوو کەرت دابەش دەبێت، یەکەمیان تێگەیشتنی تاك لە کۆمەڵ و دووەمیان تێگەیشتنی تاك لە مەبەستە کۆمەڵایەتییە کردارەکانی، مەبەست لە کەرتی یەکەم تێگەیشتنی تاك لە کۆمەڵ، واتە تێگەیشتنی بۆ کۆمەڵ لە سیما و شێوەی ئێستای لە ڕووبەکەوە و تێگەیشتنی لە دەزگا و دامەزراوەکانی و ڕێکخراو ودابونەریتەکانی لە ڕووانگەیەکی دیکە ودۆخی ڕۆشنبیری و مێژووەکەی، کە بە بێ ئەو مێژووە ناکرێ لە ئێستای تێبگەین و حاڵی ببین و لێکدانەوەمان بۆ ئایندەیشی هەبێت.

کەرتی دووەمیش لە تێگەیشتن، تێگەیشتنی تاکە لە مەبەستی جەوهەری کۆمەڵایەتی وکردارەکانی،مەبەستیش لێی پەیبردن ودرکپێکردنی کەسەکە لە کاریگەرییەکانی کردار وهەڵسوکەوت وبڕیارەکانی لەسەر کۆمەڵەکەی، واتە لە بەهای کۆمەڵایەتی هەر کار وکردەوەیەك، یان هەڵسوکەوتێکی بۆ سەر کۆمەڵەکەی تێدەگات، یان تێگەیشتن لە بەهای کۆمەڵایەتی هەر کار وکردەوەیەك، یان هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی کە ئەنجامی دەدات ولێیەوە دەردەچێت.

**-3 بەشداریکردن:**

مەبەست لێی بەشداریکردنی تاکە لەگەڵ ئەوانەی دیکە لە کار و کردەوەیەك، کە پێویستی بە بایەخدان و ئەوەی پێویستی بە تێگەیشتن هەیە لەو کارانەی یارمەتیی کۆمەڵ دەدەن لەسەر تێرکردنی پێداویستییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان وگەیشتن بە ئامانجەکان و هێنانەدیی خۆشگوزەرانی و پارێزگاریکردن لە بەردەوامیدانی (قاسم، کشکول،عبدالستار، 2020 :37)

دووەم / توێژینەوەکانی پێشوو:

لە سنووری توانای بەردەست، نەتوانرا هیچ لێکۆڵینەوەیەك بدۆزرێتەوە کە تاووتوێی (کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی ڕۆڵگێران لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی سەروی زانەکی و ئاستی هەستکردن بەرپرسیارییەتی لای (خوێندکاری مامۆستا) لەبابەتی بینین و جێبەحێکردن لە کۆلێژی پەروەردەی مەخموور) بکات، لە سۆنگەی کەمی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان بە زمانەکانی عەرەبی وکوردی وئینگلیزی سەبارەت بە بابەتەکە بەپێی ئاگاداری توێژەر، توانرا هەندێك لێکۆڵینەوەی هاوشێوە بدۆزرێتەوە، بۆ ئەمەش توێژەر خشتەیەکی ئامادەکرد بۆ خستنەڕووی کۆمەڵێك لەو لێکۆڵینەوە پەیوەندیدارانە بە بابەتی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ناوی توێژەر | ناونیشانی توێژینەوەکە | ئامانجی توێژینەوە | ڕێبازی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە | پێوەری بەکارهاتوو | ئامرازی توێژینەوەکە | لە گرنگترین ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (المعشوق،الصلال،2024) | کارایی ستراتیژی ڕۆڵگێڕان لە پەرەپێدانی کارامەیەکانی ژیان لە نێوان خوێندکارانی کچانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە ڕێباری پەروەردەی خێزان لە ڕیاز. | زانینی کارایی ستراتیژی ڕۆڵگێڕان لە پەرەپێدانی تواناکانی ژیان لە نێوان خوێندکارانی کچانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە مەنهەجی پەروەردەی خێزان لە ڕیاز. | ڕێبازی ئەزموونی | (80) خوێندکاران | پێوەری کارامەیەکانی ژیان | بەهای تاء- هاوڵکۆڵکەی بیرسون | -بوونی کاریگەری ڕێگای ڕۆڵگێڕان لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەسەر پێوەری کارامەیەکانی ژیان لەبەرژەوەندی گرووپی. ئەزموونی |
| )Smith(2020، | "کارایی ستراتیژی ڕۆڵگێڕان لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی خوێندکارانی زانکۆ" | زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی ڕۆڵگێڕان لە فێرکردنی پەروەردەی مۆسیقا بۆ پەرەپێدانی دەستکەوتی ئەکادیمی لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی قۆناغی ناوەندی. | ڕێبازی ئەزموونی | (30) خوێدنکاران | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن | هاوکۆڵکەی گرانی وئاسانی -هێزی جیاکاری- ناوەندی ژمیریاری-بەهای تائی – قەبارەی کاریگەر | -بوونی کاریگەری ڕێگای ڕۆڵگێڕان لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەسەر دەستکەوتی خوێندن.لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی |
| (علی، 2018) | کارایی ستراتیژی ڕۆڵگێڕان لە پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە نێو خوێندکارانی کۆلێژدا | کارایی ستراتیژی ڕۆڵگێڕان لە پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە نێو خوێندکارانی کۆلێژدا | ئەزموونی | (30) لەهەر گرووپی ئەزموونی و کونترۆڵکراو | پێوەری کارامەیی کۆمەڵایەتی | تاقیکردنەوەی پێشینەوە پاشینە/ ANOVA | -بوونی کاریگەری ڕێگای ڕۆڵگێڕان لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەسەر پێوەری کارامەیی کۆمەڵایەتی.لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی |

تەوەری سێیەم/بەشی سێیەم

یەکەم/ ڕێباز ورێکارەکانی توێژینەوەکەResearch Procedures

لەم بەشەدا توێژەر ڕێکاریەکانی ڕێبازی توێژینەوەکە هەنگاوە ڕێکاریەکان دەخاتە ڕوو بەم شێوەیە خوارەوە- :

**1 ) ڕێبازی ودیزاینی توێژینەوەکەMethodology Of Research and Experimental Design :**

توێژەر بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکەی ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە، چونکە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە گونجاوە. لەدوو گروپ هاوتا پێکهاتووە، گروپەکانی یەکەم گرووپی ئەزموونییە، کە بە (ستراتیژیەی ڕۆڵگێڕان) وانەیان پێ دەوترێتەوە، گروپی دووەم(گروپی کۆنترۆڵکراو) کە بە ڕێگاری ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە، هەردوو گروپەکە تاقیکرنەوەی پێشینە وپاشێنەی لە هەردوو پێوەرەکانی گۆڕاوی پاشکۆ (هەستی بەرپرسیارییەتی وسەرووی زانەکی) وەك لەم هێلیکارییەی (2)خوارەوە ئامازەی پێکراوە:




**هێڵکارییەی(1)دیزانیی ئەزموونی توێژینەوەکە**

1. کۆمەڵگای توێژینەوەکە: Population of the Research

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە ئێستا هەموو خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پەروەردە-مەخموور لە زانکۆی سەلاحەددین، لە سنوری شاری هەولێر. خوێندکاری کوڕ وکچە، لە کۆی دوو بەشی کوردی وعەرەبی، کە پێکدێت لە (97)خوێندکاری کوڕ، و(106)خوێندکاری کچ وەك لەم خشتەی(1)دا روونکراوەتەوە

**خشتەی(1)خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی مەخموور بە پێی بەش و ڕەگەز**

| ژ | بەشەکان | قۆناغی چوارەم | | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| | | کوڕ | کچ | |
| 1 | کوردی | 44 | 58 | 102 |
| 2 | عەرەبی | 53 | 48 | 101 |
| کۆی گشتی | | 97 | 106 | 203 |

1. نموونەی توێژینەوەکە: Sample of the Research

توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی شێوەیەکی مەبەستدارهەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، بە هۆی:

1- دەربڕینی ئامادەیی ڕاگر وبڕیاردەری ڕاگر وسەرۆکی بەش مامۆستایانی هەردوو بەش بۆهاوکاری لەگەڵ توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.
2- کاتی وانەکە گونجاوە بوو لە گەڵ ئەو ستراتیژیانە کە توێژەر وانەی پێ پێدەوترێتەوە، کە دەکاتە (3) سعات
3- ژمارەی خوێندکاران زۆربوون.
4- لە ناو هۆبەکان کورسی جوڵاو هەبوو
5- دەرفەت بە توێژەر دەدات بە هەڕەمەکی پۆلەکان ڕێکبخات وەك گروپەکانی ئەزموونی

نموونەی توێژینەوەکە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی کوردی لە کۆلێژی پەروەردە-مەخموور بۆ ساڵی خوێندنی(2024-2025)ی هەڵبژارد کە ژمارەیان (72) خوێندکار بوو(20) خوێندکاری کوڕ،و(52)کچ بوو،(3)خوێندکاری دەرنەچووی ساڵی پێشتربوون (2)کور و(1)کچ بوو،هەروەها چەند خوێندکاریەك تەمەنی زۆر گەورەتربوو لەوانیتر کە(8) خوێندکار لە توێژینەوەی خۆی دوورخستەوە هەربۆیە توێژەر کۆی گشتی(61)خوێندکاری وەرگرت لە قۆناغی چوارەمی لە بەشی کوردی.وبۆ هاوتاکردنیان توێژەر بەشێوەیێکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژارد کە بریتی بوون لەدوو هۆبە ،وباش هاوتاکردنی هەردوو هۆبەکە ،توێژەرهۆبە (أ) هەڵبژارد وەك گروپی ئەزموونی بریتین لە (30) کە وانەی (بینین وجێبەجێکردن)پێدەوترێتەوە بە ستراتیژیەی ڕۆڵگێران" هۆبە (ب)وەك گروپی کۆنترۆلکراو بریتین (31)کە وانەی(بینین وجێبەجێکردن)پێدەوترێتەوە بە ڕێگای ئاسایی. لەم خشتەی (2) ڕۆنکراوتەوە.

**خشتەی(2)نمونەی توێژینەوەکە**

| گروپ | هۆبە | ژ. کۆتایی خوێندکاران | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|
| | | | کوڕ | کچ |
| ئەزموونی | أ | 30 | 12 | 18 |
| کۆنترۆڵکراو | ب | 31 | 11 | 19 |
| کۆی گشتی | | 61 | 23 | 27 |

2.هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە:Equivalent of the Groups

توێژەر هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە لە هەندێك گۆراودا. ئەمەش بە مەبەستی وردبونەوە لە هاوتای نێوان

هەردوو گروپەکانی(ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو) توێژینەوەکە. پێش ئەنجامدانی ئەزموونەکە، توێژەر ویستی هاوتاکردنی لە نێوانیاندا بکات، هەندێك لە گۆڕاوەکان، کە پێی وایە کاریگەری هەبێت لەسەر جێبەجێکردنی توێژینەوەکە. لەبەر ئەوە توێژەر ئەم گۆڕاوانەی (تەمەن-ئاستی زیرەکی-دەستکەوتی دایبان-تێکرای نمرەی گشتی وبابەتی رێگاکانی وانەوتنەوە)بوون بەم شێوەییە هاوتاکرد:
لە خشتەی(3-6)دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بە ڵگەداری ئاماری(0.05) ونمرەی ئازادی(59)،لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی هەردوو گروپەکانی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو) توێژینەوەکە لە گشت گۆڕاوەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە هەردوو گرۆپەکە هاوتان لەم گۆڕاوی (تەمەن-ئاستی زیرەکی- تێکرای نمرەی گشتی وبابەتی رێگاکانی وانەوتنەوە).وەهەروەها لە خشتەی (7، 8)دەرکەوت هاوتاکردن بۆ (دەستکەوتی باوان)، لە هەر پێنچ ئاستی(نەخوێندەوار- سەرەتای- ناوەندی – ئامادەیی- پەیمانگا- بەکالۆریۆس) ئەنجامدرا ،کە بەهای (کای[٢])بۆ دەستکەوتی دایک بریتیبوو لە($2.870^{a}$)وئاستی بەڵگەداری(0.912)،دەستکەوتی باوک بریتیبوو لە ($3.419^{a}$)ئاستی بەڵگەداری(0.817)،و نمرەی ئازادی(4)لە ژێر ئاستی(0.05). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت لەنێوان هەردوو گروپەکە توێژینەوەکە لە ئاستی ئەکادیمی دایبان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەردوو گروپەکە هاوتان لەم گۆڕاوەدا.

**خشتەی(3)هاوتاکردنی گروپەکان بە گوێرەی تەمەن**

| گروپەکان | ژ.نموونە | 23ساڵ | 22ساڵ | 21ساڵ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T) | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموون | 30 | 2 | 16 | 12 | 21.70 | 0.596 | 0.141 | 59 | 0.472 |
| کونترولکراو | 31 | 3 | 16 | 12 | 21.68 | 0.653 | | | |
| کۆی گشتی | 61 | 5 | 32 | 24 | 21.68 | 0.612 | | | |

**خشتەی (4) ئەنجامی هاوتای ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری خوێندکاران بە گوێرەی نمرەی ئاستی زیرەکی**

| گروپەکان | ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) | | نمرەی ئازادی | sig | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ئەزموون | 30 | 33.37 | 7.29 | 0.807 | 1.699 | 59 | 0.866 | بەڵگەدار نییە |
| کونترولکراو | 31 | 31.84 | 7.48 | | | | | |
| کۆی گشتی | 61 | 32.59 | 7.37 | | | | | |

**خشتەی(5) ئەنجامی هاوتای ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری خوێندکاران بە گوێرەی نمرەی ساڵی رابردوو**

| گروپەکان | ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) | | نمرەی ئازادی. | sig | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ئەزموون | 30 | 78.67 | 12.11 | 0.807 | 1.699 | 59 | 0.866 | بەڵگەدار نییە |
| کونترولکراو | 31 | 76.58 | 11.57 | | | | | |
| کۆی گشتی | 61 | 77.67 | 9.03 | | | | | |

**خشتەی(6)نموونەی ناوەندی ژمێرەیی بۆ تێکرای نمرەی گشتی خوێندکاران**

| گروپەکان | ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) هەژمارکراو | بەهای (t) خشتەیی | نمرەی ئازادی | sig | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموون | 30 | 78.67 | 12.11 | 0.807 | 1.699 | 59 | 0.866 | بەڵگەدار نییە |
| کونترۆڵکراو | 31 | 76.58 | 11.57 | | | | | |
| کۆی گشتی | 61 | 77.67 | 9.03 | | | | | |

**خشتەی(7)ئاستی دەستکەوتی خوێندنی ئەکادیمی دایکان خوێندکاران**

| گروپەکان | ژ.سامپڵ | نەخوێندەوار | سەرەتایی | ناوەندی - ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆریۆس | نمرەی ئازادی | بەهای کای دووجا | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 30 | 14 | 11 | 3 | 1 | 3 | 4 | 2.870 a | 0.912 |
| کۆنترۆڵکراو | 31 | 13 | 10 | 3 | 2 | 1 | | | |
| کۆی گشتی | 61 | 27 | 21 | 6 | 3 | 4 | | | |

**خشتەی (8)ئاستی دەستکەوتی خوێندنی ئەکادیمی باوکان:**

| گروپەکان | ژ.سامپڵ | نەخوێندەوار | سەرەتایی | ناوەندی - ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆریۆس. | نمرەی ئازادی | بەهای کای دووجا | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 30 | 10 | 10 | 5 | 3 | 3 | 4 | 3.419 a | 0.817 |
| کۆنترۆڵکراو | 31 | 9 | 12 | 6 | 1 | 2 | | | |
| کۆی گشتی | 61 | 19 | 22 | 11 | 4 | 5 | | | |

**2.سەلامەتی (دروستی) ناوەکییە ودەرەکی (Internal& External Safety)**

پێش دەستپێکردن بە توێژینەوەکەی توێژەر دەبێت ئەو گۆڕانە کۆنترۆڵ بکات، کە پێ وایە کاردەکاتە سەر ئەنجامەکان و ووردیەت و دروستیان تێکدەدات ،بۆیە چەند گۆراویەک کۆنترۆڵکرا وەک (جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەکە و بارودۆخی ئەزموونەکە و رووداوەکان وئامادەنەبوون یان جێهێشتنی خوێندن). لە ڕاستی ودروستی دەرەکی توێژەر ئەو گۆڕاوانە کۆنترۆڵ دەکات وەک(کارلێکی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنگیری تاقیکردنەوەکە-نهێنی پاراستنی-هۆلی خوێندن- بابەتی زانستی- دابەشکردنی بەشەوانەکە..).

**2.دیاریکردنی بابەتی خوێندن:**

توێژەر پشت بە بابەتەکانی کۆرس بووکی بەست وهەندێك بابەتەکانی ڕێکخستنەوەی بۆ بابەتەکان کرد کە لە کۆمەلێك بابەتی گشتی پێکهاتبوو.

**2.ئامادەکردنی پلانەکانی وانەووتنەوە:**

پلانی وانەوتنەوە بریتییە لەو هەنگاو ورێکاریانەی کە مامۆستا ئامادەی دەکات، ولەهۆڵی خوێندندا بەشێوەیەکی ڕێك جێبەجێی کرا، بۆ

سەرکەوتنی وانەکە وبەدەستهێنانی ئامانجەکان. (علوان، محمد، و سعد، 2014: 41). بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی (بینین وجێبەجێکردن)و ئامانجە ڕەفتارییە دارێژراوەکان (16)پلانی وانەوتنەوەی بۆ هەردوو گروپی هەڵبژارد. توێژەر نموونەی پلانەکانی خستە بەردەم کۆمەڵێک شارەزایان وپسپۆران لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا،هەروەك، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و سەرنج و پێشنیارەکانیان،بەمەستی باشتر دارِشتنەوەی پلانەکە بە جۆرێك ڕاست و دروست بیت وبابەتی بێت و هەموو پلانەکانی تر ئەنجامدرا بەپێ ئەم دوو پلانە نموونەییەکە.

**2.ماوەی ئەزموونەکە :**

دوای ئەوەی توێژەر سەرجەم پێداویستییەکانی توێژینەوەکەی جێبەجێکرد بۆ مەبەستی توێژینەوەکەی دەستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەکەی کرد لە کۆرسی یەکەمی خوێندنی (2024-2025)دا ماوەی ئەزموونی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی یەکسان بووە بۆ گروپی توێژینەوەکە . بۆیە توێژەر لە ڕێکەوتی (2024/9/10)دەستی کرد بە هاوتاکردنی گروپی ئەزموونەکە ، لە( 2024/9/24) دەستی پێکرد و ئەزموونەکە پێکهات لە (6)هەفتە، لە یەك هەفتەدا دوو ڕۆژ بۆ هەردوو گروپەکان بە هەمان شێوە وانەی(بینین وجێبەجێکردن)دەخوێندرا لە ڕۆژانی(سێ شەممە- پێنچ شەممە)وەك لە دابەشکردنی بەشەوانەکە روونکراوتەوە.بە گشتی (3)کاتژمێر بۆ ئەم بابەتە دانراوە بەڵام یەکەم وانە بۆ هەردوو گروپەکە (2) کاتژمێرە بوو و وانەی دووەم (1) کاتژمێرە بوو لە کاتی خۆی وانەکەیان دەخوێندەوە بۆ هەر گروپێك بە پێی ئەو پلانەی ئامادەکرابوو بە ڕێگای ڕۆڵگێران بۆ گروپی ئەزموونی، و ڕێگای ئاسایی بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو ڕونکراوەتەوە. ئەزموونەکە بەردەوام بوو تا لە ڕێکەوتی (2024/12/6) کۆتایی هات .

**2.ئامرازەکانی توێژینەوەکە:-**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە دیاریکردنی کارایی ستراتیژیەکانی ڕۆڵگێران لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی سەرووزانەکی و ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لای (خوێندکاری مامۆستا ) لە بابەتی بینین و جێبەجێکردن لە کۆلێژی پەروەردەی مەخمور، توێژەر ئەم ئامرازانەی خوارەوەی بەکارهێناوە :

* پێوەری سەروی زانەکی( سوود لە پێوەری ئامادەکراو وەرگرتووە)
* پێوەری هەستی بەرپرسیارییەتی(بنیادنا بە شێوەی پرسیاری کراوە )ئامادە کرا

***پێوەری سەروی زانەکی :**

لەبەر نەبوونی پێوەرێکی گونجاو بە زمانی کوردی توێژەر پێوەرێکی ئامادەکرد و سوودی لە پێنچ توێژینەوەی بۆ گۆڕاوی ( سەروی زانەکی )وەرگرت، کە سەرجەم پێوەرە پشت پێبەستراوەکان هەر چوار ڕهەندەکەی لە توێژینەوەکانیان بەکارهێناو نموونەکانیان خوێندکاری زانکۆ بوون،هەروەك ئەم توێژینەوەیە" بریتین لە توێژینەوەکانی:(جلو،2024) کە لە سێ ڕەهەند پێکهاتووە و(13)برگەی وەرگرتووە،و(العنزی&سليمان،2023: 24) کە لە سێ ڕەهەند پێکهاتووە و(13)برگەی وەرگرتووە،و(علي البطاشية،2023:39) کە لە سێ ڕەهەند پێکهاتووە و(12)برگەی وەرگرتووە، (العقابي وعبود القريشي، 2013: 340) و(الدلفي،2012: 36)کە ڕەهەندەی هۆشیاری(12)برگەی وەرگرتووە، ،و(محمد،2017: 1135)کە چوار ڕەهەند ی وەرگرتووە" ڕەهەند و برگەکان وەك لەم خشتەی(9) خراوەتە ڕوو:

**خشتەی(9)ڕەهەندەکانی  پێوەری سەروی زانەکی**

| ژمارەی ڕەهەندەکان | ڕەهەندەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ڕەهەندی یەکەم | پلانی وانەوتنەوە | 13 |
| ڕەهەندی دووەم | چاودێریکردن | 13 |
| ڕەهەندی سێیەم | هەڵسەنگاندن | 12 |
| ڕەهەندی چوارەم | هۆشیاری | 12 |
| کۆی گشتی ڕەهەندەکان | | 50 |

کە سێ ڕەهەندی هەمان توێژینەوەکانیی ترە کە بریتین لە (13) بڕگە وەرگرتووە ،کە کۆی گشتی بڕگەکان پێکهاتووە لە (50)بڕگە، وەهەر بڕگەیەکیش پێنج هەڵبژاردەی هەیە (هەرگیز وانیم- کەم جاروام- بەئاستی ناوەندوام- زۆرجار وام- بەردەوام وام).ونمرەکانی بریتین لە (5،4،3،2،1)بە هەمان ڕێزبەندی .پاشان بۆ ئەوەی پێوەنەکە بگونجێنێت لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە"، چەند هەنگاوێك ئەنجامدرا وەك :

- **ڕاستێتی ڕواڵەت : Face- Validity**

بریتییە لە بڕیاردانی شارەزایان لە سەر جۆری یاخود نمرەی تاقیکردنەوەکە بۆ ئەوە خاسیەتەی کە دەوێستری پێوانەی بکات (عودة 2014: 198). بۆ دیاریکردنی ڕاسێتی ڕواڵەتی توێژەر پەنایبرد بۆ بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان،لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەروەردە و دەروونزانی، داوایان لێکرا، ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەربڕن و هەر گۆرانکارییەك پێوستبوو پێشنیاری بکەن، لەسەر داوای پسپۆران پیشنیارکرا کە ژمارەی بڕگەکان زۆرن کەم بکرێتەوە،هەندێك بڕگە دارشتنیان چاکردوە(دووبارە دارشتنیان بۆ کرا) ،دوای کۆکردنەوەی  فۆرمەکانی بەپێی ڕاوبۆچوونی شارەزایان.کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەر (85%)بوو بەم شێوەیە لە کۆی (50) برگە (10) برگە لابران،کە بریتی بوون لە برگەکانی(3،13،14،17،23،24، 33،34،40،44) ،برگەکانی تر وەك خۆیان مانەوە، بەم جۆرەش کۆی برگەکانی پێوەری سەروی زانەکی (40)برگە ماوە

**-دیاریکردنی جێگیری پێوانەکە:  Item Reliability**

**1-  ڕێگای ئەلفاکرونباخ:**

ڕێگایەکە بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوەکی بەکارهێنرا چونکە ئەم ڕێگەیە  ئاستی گونجاوە برگەکان لەگەڵ یەکتری دەردەخات. بۆیە پێوەرەکە بە سەر (100) خوێندکاری قۆناغی چوارەمی زانکۆیدا وەك نموونەی سەرەتایی دابەشکرا لە سەر بەشی زمانی بەشی عەرەبی کۆلێژی پەروەردەی مەخموور، لە یەکەم هەفتەی دەوامدا " کە بە های جێگیری پێوەنەکە بریتی بوو لە (0.85) کە ئەمەش جێگیریەکی باشە.

**2-  ڕێگای دووبارە جێبەجێکردن:- Test - retest**

بەمەبەستی دیاریکردنی جێگیری ئەم جۆرە جێگیری پێوەرەکە شێوازی (Test - retest) ئەنجامدا بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی ( 2024/9/10) پێوەرەکە بەسەر (100) خوێندکاری قۆتاغی چوارەمی زانکۆدا جێبەجێکرا کە بە شێك بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی و لە هەردوو رەکەزی نێرو مێ، دوای تێپەربوونی (13)ڕۆژ لە ڕێکەوتی (2024/9/23) دووبارە پێوەرکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە دواتر پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لە ڕێگای هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن دۆزرایەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامی هەردوو هەفتەکە  بریتی بوو لە (**0.999) ئەمەش پەیوەندییەکی بە هێز و ئامارەیە کە جێگیری پێوەرەکە بەرزە " هەر وەك لە خشتەی (11) ڕونکراوتەوە.

**خشتەی 11ڕێگای دووبارە جێبەجێکردن بۆ پێوەری سەروی زانەکی**

| تاقیکردنەوە | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| هەفتەی یەکەم | 100 | 149.28 | 16.405 | 0.999** | 0.01 |
| هەفتەی دووەم | 100 | 149.23 | 16.298 | | |
| | | | | | |

3- تایبەتمەندی پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی:

بە شێوەیەکی کۆتایی پێوەری بیرکردنەوەی سەروی زانەکی لە(40)برگە پێکهاتبوو بەشێوەیەکی گشتی برگەکان لەلای خوێنکاران ڕوون بوو ،لە چوار ڕەهەندی سەرەکی بژاردەی وەڵامدانەوە لە ناوەرۆکی برگەکان بە جۆری پێنج بژاردە داڕێژراوە" واتە بۆ پێنج بژاردە و وەڵام لە بەرانبەر برگەکان هەیە ، کە بریتین لە (هەرگیز وانیم- کەم جاروام- بەئاستی ناوەندوام- زۆرجار وام- بەردەوام وام) و بەهای بژاردەکان بریتین لە (5-4-3-2-1) بە هەمان ڕێزبەندی.

*پێوەری هەستی بەرپرسیاریەتی:

هیچ توێژینەوەیەکی پێشوو نەبوو لەسەر پێوەریەکی هەستکردن بەرپرسیاریەتی لای( خوێندکاری مامۆستا)، بۆیە توێژەر پێوانەیەکی بۆ گۆڕاوی (هەستی بەرپرسیارییەتی ) بونیادنا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجامدرا:

1- ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە سەرەتایی:-

توێژەر ڕاپرسیەکی کراوەی ئەنجامدا بۆ (20) خوێندکاری کچ وکوری قۆناغی چوارەم لە کۆلێژی پەروەردەی/مخموور بەشی کوردی، هەروەها (7) مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین لە پاشکۆی(1)، لەبەر شارەزایی و ئەزموونیان لە ڕاوبۆچوونیان وەرگیراو،بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێوەست لەسەر گۆڕاوی (بەرپرسیارییەتی) ئەو پرسیارەی کە توێژەر ئامادەی کردبوو بریتییە لە (بەڕای بەرێزت وەك مامۆستایێکی داهاتوو ئەونیشانانە چین کە گوزارشت لەوە دەکەن خوێندکاری خاوەن بەرپرسیارەیتە لە کاتی جێ بەجێکردندا؟). دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توێژەر توانی (47) برگەی داڕێژرا.

2- دیاریکردنی ڕاستی: (Validity)

ڕاسێتی یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی پێوانە و پێویستە ڕەچاوبکرێت کاتێك ئامرازێك ئامادە دەکەیت یاخود بۆ بەکارهێنان هەڵیدەبژێریت، چونکە لە هەموو شتێك زیاتر توێژەرەکان دەیانەوێت زانیاری لە ڕێگەی ئامرازێکەوە بە دەست بهێنن بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بەدیبێت. (Fraenkel, Wallen, & Hyun, 2011)

ا- ڕاسێتی ڕواڵەتی:Face Validity

هەڵسەنگاندنێکی خودیە کە کەسانی پسپۆڕ بۆ ئەو پێوانەکە و ڕادەی گونجاوی و ڕوونی برگەکان دیاری دەکات . ,Oluwatayo) (2012.بۆ دیاریکردنی ڕاسێتی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردەبەر ڕاوبۆچونی شارەزایان بۆ ئەم مەبەستەش پێوانەکە خرایە بەردەستی (19)شارەزا لە بواری پەروەردەیی ودەروونی وکۆمەڵایەتی لە پاشکۆی (1).دا رونکراوەتەوە، بۆ زانینی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانیان دەربارەی برگەکانی پێوەرەکە، کە تا چەند برگەکان گونجاون وبژاردەکان دەربڕن و هەرگۆڕانکارییەك پییان باشە پێشنیار بکەن" دوای کۆ کردنەوەی ڕاپرسەکان، بە پێی بۆچوونی شارەزایان و پسپۆران وپشت بەستن بە ڕێژەی (98%)، برگەکان وەکو خۆی ماونەتەوە ، هەندێك برگە ووشەکانی ڕاستکرا.

ب- ڕاسێتی بونیادنان (Construct Validity):

یەکێکە لە جۆرەکانی ڕاسێتی، پشتی پێدەبەسترێت لە دیاریکردنی ڕاسێتی پێوانە پەروەردەییەکان ودەروونی مەبەست لێی شیکردنەوەی نمرەکانی پێوانەیە بە پێی ئەو دیاردەیەی کە بۆ پێوانەکردنی دانراوە، ئەم برگانە دەهێڵێتەوە کە هاوکۆلکەی پەیوەندیان بە نمرەی گشتی ئامرازەکە یان پێوەرەکە لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەداری بێت. (Anastasi, A., & Urbina,, 1997:123-144).

توێژەر ڕاسێتی بونیادنانی ئەنجامدا بۆ پێوانەی (هەستی بەرپرسیارییەتی ) لەسەر نموونەی سەرەتایی ( پەیدۆز) کە پێکهاتبوو لە (100) خوێندکاری نێرو مێ، دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماریی بۆ پێوانی (بەرپرسیاریەتی)بە برنامەی (SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون (Person)ی لە نێوان برگەکانی پیوانەکە بە کۆی گشتی پێوەرەکە دۆزیەوە، هەروەك لە خشتەی (12) ڕۆنکراوەتەوە.

**خشتەی(12)ڕاسێتی بونیادنانی ئەنجامدا بۆ پێوانەی ( بەرپرسیارییەتی )**

| ژ.برگە | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون بە کۆی گشتی پێوەنەکە | ئاستی بەڵگەدار | ژ.برگە | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون بە کۆی گشتی پێوەنەکە | ئاستی بەڵگەدار | ژ.برگە | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون بە کۆی گشتی پێوەنەکە | ئاستی بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.550** | 0.001 | 17 | 0.387** | 0.001 | 33 | 0.053 | 0.598 |
| 2 | 0.506** | 0.001 | 18 | 0.444** | 0.001 | 34 | 0.063- | 0.534 |
| 3 | 0.540** | 0.001 | 19 | 0.389** | 0.001 | 35 | 0.391** | 0.001 |
| 4 | 0.535** | 0.001 | 20 | 0.541** | 0.001 | 36 | 0.747** | 0.001 |
| 5 | 0.540** | 0.001 | 21 | 0.260** | 0.001 | 37 | 0.745** | 0.001 |
| 6 | 0.405** | 0.001 | 22 | 0.391** | 0.001 | 38 | 0.526** | 0.001 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 7 | 0.466** | 0.001 | 23 | 0.221* | 0.027 | 39 | 0.110 | 0.274 |
| 8 | 0.324** | 0.001 | 24 | 0.347** | 0.001 | 40 | 0.347** | 0.001 |
| 9 | 0.467** | 0.001 | 25 | 0.621** | 0.001 | 41 | 0.526** | 0.001 |
| 10 | 0.535** | 0.001 | 26 | 0.735** | 0.001 | 42 | 0.080 | 0.427 |
| 11 | 0.425** | 0.001 | 27 | 0.237* | 0.017 | 43 | 0.672** | 0.001 |
| 12 | 0.423** | 0.001 | 28 | 0.770** | 0.001 | 44 | 0.283** | 0.001 |
| 13 | 0.710** | 0.001 | 29 | 0.419** | 0.001 | 45 | 0.510** | 0.001 |
| 14 | 0.572** | 0.001 | 30 | 0.601** | 0.001 | 46 | 0.569** | 0.001 |
| 15 | 0.647** | 0.001 | 31 | 0.592** | 0.001 | 47 | 0.500** | 0.001 |
| 16 | 0.466** | 0.001 | 32 | 0.602** | 0.001 | | | |

(**)بەڵگەدارە لە ئاستی (0.01). (*) بەڵگەدارە لە ئاستی (0.05).

لە ئەنجامدا دەرکەوت هەندێك لە برگەکانی پێوانەکە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە نمرەی گشتی پێوانەکەوە هەیە،بەڵام هەندێك لە برگەکان پەیوەندیەکی لاوازیان بە نمرەی گشتی پێوانەکەوە هەبوو لە برگەکانی (33-34-39-42)بەهای پەیوەندی کەمتربوو لە (19%) بۆیە لە ئەم چوار برگانە لابران. بەم شێوەیەش (43)برگە مایەوە.

3- **دیاریکردنی جێگیری پێوانەکە:** Item Reliability

پێوەرێك بە جێگیری وەسف دەکرێت کاتێك هەمان دەرئەنجام لە کاتی دووبارە جێبەجێکردنەوەی هەمان تاقیکردنەوە لەسەر تاکەکان خۆیان، بەدەست بهێنرێتەوە. (الخطیب و الخطیب، 2011، :49) توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکە چەند ڕێگەیەکی بەکارهێنا وەك :-

1- ڕێگەی ئەلفاکرونباخ:
2- ڕێگەی دووبارە جێبەجێکردن
3- **ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی**
4- هێزی جیاکاری برگەکان

**1- ڕێگای ئەلفاکرونباخ:**

ڕێگایەکە بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوەکی بەکارهێنرا چونکە ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوە برگەکان لەگەڵ یەکتری دەردەخات. بۆیە پێوەرەکە بە سەر (100) خوێندکاری قۆناغی چوارەمی زانکۆیدا وەك نموونەی سەرەتایی دابەشکرد لە سەر بەشی عەرەبی کۆلێژی پەروەردەی مەخموور، لە یەکەم هەفتەی دەوامدا " کە بە های جێگیری پێوەنەکە بریتی بوو لە (0.925) کە ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.وەك لەم خشتەی خوارەوە (13) روونکراوە.

**خشتەی(13)جێگیری پێوەری بەرپرسیارییەتی بە ئەلفا کرونباخ**

| پێوانەی | ژمارەی برگە | ئەلفاکرونباخ |
|---|---|---|
| بەرپرسیارییەتی | 43 | 0.925 |

**1- ڕێگای ئەنجامدان و دووبارە ئەنجامدانەوە : Test - retest**

ئەم جۆرە جێگیری پێوەرەکە شێوازی (Test - retest) ئەنجامدا بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی ( 2024/9/10) پێوەرەکە بەسەر (100) خوێندکار ی قۆناغی چوارەمی زانکۆدا جێبەجێکرا کە بە شێك بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی و لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (13)ڕۆژ لە ڕێکەوتی (2024/9/23) دووبارە پێوەرکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکراوە دواتر پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لە ڕێگای هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن دۆزرایەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامی هەردوو هەفتەکە بریتی بوو لە (**0.997) ئەمەش پەیوەندییەکی بە هێز و ئامارەیە کە جێگیری پێوەرەکە بەرزە " هەر وەك لە خشتەی (14) ڕونکراوتەوە.

**خشتەی(14)ڕێگای ئەنجامدان و دووبارە ئەنجامدانەوە بۆ پێوەری بەرپرسیارییەتی**

| تاقیکردنەوە | ژ.سامپل | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەنجامی یەکەم | 100 | 208.81 | 15.189 | 0.997** | 0.01 |
| ئەنجامی دووەم | 100 | 208.67 | 14.912 | | |

**3-ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی: Split Half Method**

لە جۆرەدا هاوکۆڵکەی پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی وەڵامدەرەوەکان لەسەر پێوانەکە دەردەهێنرێت و پێدەگوترێت ( Split Half Method) هەڵچنی بۆ دەکرێت بە پێی هاوکێشەی (Spearman وGuttmannوRolon)"پێوانەکە بەجێگیر وەسفدەکرێت"ئەگەر بە های پەیوەندییەکەی بەرزبێت. (عباس، نوفل، العبسی، و أبو عواد، 2007).جێگیری پێوەرەکە بە ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی بەکارهێنرا بۆ ئەو مەبەستەش دوای جیبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر نموونەی سەرەتای (پەیدۆز)داکە پێکهاتبوون لە (100) خوێندکار قۆناغی چوارەم ، لە ڕێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS) هەکبەی ئاماری بۆ پێوانەیکردنی بەرپرسیارییەتی جێگیری پێوانەکە دەستنیشانکرا بە ( Split - Half)،لە ڕێگای بەکارهێنانی  هاوکێشەی (Spearman)، دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان هەفتەی یەکەم و دووەم ی پێوەرەکە بریتی بوو لە (0.832) ، کە ئەمەش بە جێگیریەکی بەرز  هەژماردەکرێت وەك لەم خشتەی (15) ڕۆنکراوتەوە.

**خشتەی(15)ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی بۆ پێوەری بەرپرسیارییەتی**

| پێوەر | ئەنجامدانی | ژ.برگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | بەهای هاوکۆلکەی (Brown) (Spearman- |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیارییەتی | کەرتی یەکەم | Q1- Q22 | 87.67 | 7.289 | 0.869 |
| | کەرتی دووەم | Q23- Q43 | 84.20 | 7.670 | |

**4- هێزی جیاکاری برگەکان: Discrimination**

مەبەستی درهێنانی هێزی جیاکاری برگەکانی پێوەری بەرپرسیارییەتی لەسەر نموونەی پەیدۆزکە بریتیین لە (100) خوێندکاری قۆناغی چوارەمی زانکۆی جێبەجێکرد.توێژەر نمرەکانی لە نزمترین نمرەوە بۆ بەرزترین نمرە ڕێکخست، دواتر (27%) لە نمرە نزمەکانی وەرگرت" کە بریتی بوون لە (27%) خوێندکار و (27%) لەنمرە بەرزەکانی وەرگرت کە بریتی بوون لە (27) خوێندکار " بەم جۆرەش ژمارەی خوێندکاران لە هەردوو گروپەکە بریتی بوون لە (100) بوون. دوای بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی (Independent Sample T-Test)" بۆ دیاریکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوانیان، کە کۆی گشتیان (43) برگە. لە هەموو برگەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گرووپەکەدا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (0.000) تا (0.045)کە بچوکترە لە (0.05). بە نمرەی ئازادی (41) .بۆیە لێرەدا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان گروپەکان لەبەرژەوەندی گروپی بەرز دەدەکەوێت ، بەم جۆرەش دەتوانیین بڵێین برگەکان توانای جیاکردنەوەیان لەنێوان ئەوتاکانەی کە بەرپرسیارییەتی بەرزەو ئەوانەی بەرپرسیارییەتی نزمە بەدی دەکرێت.

**خشتەی(16)هێزی جیاکاری پێوانەی بەرپرسیارییەتی**

| پێوانە | گروپ | ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری | پێوانە | گروپ | ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| برگەی 1 | بەرزی | 27 | 4.42 | 0.673 | 3.481 | 0.027 | برگەی 23 | بەرزی | 27 | 4.22 | 0.764 | 2.880 | 0.030 |
| | نزمی | 27 | 3.9 | 0.814 | | | | نزمی | 27 | 4.64 | 0.693 | | |
| برگەی 2 | بەرزی | 27 | 4.56 | 0.611 | 0.840 | 0.049 | برگەی 24 | بەرزی | 27 | 4.82 | 0.388 | 3.386 | 0.000 |
| | نزمی | 27 | 4.46 | 0.579 | | | | نزمی | 27 | 4.5 | 0.544 | | |
| برگەی 3 | بەرزی | 27 | 4.32 | 0.653 | 2.541 | 0.022 | برگەی 25 | بەرزی | 27 | 4.5 | 0.678 | 1.669 | 0.022 |
| | نزمی | 27 | 3.98 | 0.685 | | | | نزمی | 27 | 4.28 | 0.64 | | |
| برگەی 4 | بەرزی | 27 | 4.12 | 0.799 | 2.451 | 0.036 | برگەی 26 | بەرزی | 27 | 4.62 | 0.725 | 1.190 | 0.010 |
| | نزمی | 27 | 3.74 | 0.751 | | | | نزمی | 27 | 4.44 | 0.787 | | |
| برگەی 5 | بەرزی | 27 | 4.42 | 0.609 | 0.888 | 0.037 | برگەی 27 | بەرزی | 27 | 4.66 | 0.688 | 1.136 | 0.039 |
| | نزمی | 27 | 4.32 | 0.513 | | | | نزمی | 27 | 4.8 | 0.535 | | |
| برگەی 6 | بەرزی | 27 | 4.74 | 0.527 | 1.749 | 0.017 | برگەی 28 | بەرزی | 27 | 4.58 | 0.702 | 2.604 | 0.038 |
| | نزمی | 27 | 4.56 | 0.501 | | | | نزمی | 27 | 4.2 | 0.756 | | |
| برگەی 7 | بەرزی | 27 | 4.56 | 0.611 | 3.503 | 0.037 | برگەی 29 | بەرزی | 27 | 4.6 | 0.67 | 0.778 | 0.035 |
| | نزمی | 27 | 4.08 | 0.752 | | | | نزمی | 27 | 4.5 | 0.614 | | |
| برگەی 8 | بەرزی | 27 | 4.96 | 0.198 | 5.009 | 0.000 | برگەی 30 | بەرزی | 27 | 4.42 | 0.835 | 2.743 | 0.010 |
| | نزمی | 27 | 4.58 | 0.499 | | | | نزمی | 27 | 3.94 | 0.913 | | |
| برگەی 9 | بەرزی | 27 | 4.84 | 0.468 | 0.458 | 0.042 | برگەی 31 | بەرزی | 27 | 4.16 | 0.912 | 1.569 | 0.032 |
| | نزمی | 27 | 4.8 | 0.404 | | | | نزمی | 27 | 3.88 | 0.872 | | |
| برگەی 10 | بەرزی | 27 | 4.5 | 0.814 | 2.433 | 0.050 | برگەی 32 | بەرزی | 27 | 4.3 | 0.814 | 0.491 | 0.004 |
| | نزمی | 27 | 4.12 | 0.746 | | | | نزمی | 27 | 4.22 | 0.815 | | |
| برگەی 11 | بەرزی | 27 | 4.74 | 0.6 | 2.247 | 0.045 | برگەی 33 | بەرزی | 27 | 4.62 | 0.725 | 1.533 | 0.007 |
| | نزمی | 27 | 4.46 | 0.646 | | | | نزمی | 27 | 4.8 | 0.404 | | |
| برگەی 12 | بەرزی | 27 | 4.4 | 0.756 | 0.149 | 0.034 | برگەی 34 | بەرزی | 27 | 4.48 | 0.677 | 2.750 | 0.001 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزمی | 27 | 4.42 | 0.575 | | | | نزمی | 27 | 3.86 | 1.443 | | |
| برگەی 13 | بەرزی | 27 | 4.44 | 0.812 | 3.168 | 0.002 | برگەی 35 | بەرزی | 27 | 4.6 | 0.571 | 1.609 | 0.003 |
| | نزمی | 27 | 3.92 | 0.829 | | | | نزمی | 27 | 4.38 | 0.78 | | |
| برگەی 14 | بەرزی | 27 | 4.36 | 0.749 | 0.789 | 0.000 | برگەی 36 | بەرزی | 27 | 4.76 | 0.476 | 4.271 | 0.034 |
| | نزمی | 27 | 4.24 | 0.771 | | | | نزمی | 27 | 4.32 | 0.551 | | |
| برگەی 15 | بەرزی | 27 | 4.1 | 0.974 | 0.848 | 0.000 | برگەی 37 | بەرزی | 27 | 4.64 | 0.631 | 1.609 | 0.003 |
| | نزمی | 27 | 3.94 | 0.913 | | | | نزمی | 27 | 4.64 | 0.663 | | |
| برگەی 16 | بەرزی | 27 | 4.66 | 0.557 | 1.003 | 0.031 | برگەی 38 | بەرزی | 27 | 4.3 | 0.707 | 4.271 | 0.004 |
| | نزمی | 27 | 4.76 | 0.431 | | | | نزمی | 27 | 4.26 | 0.527 | | |
| برگەی 17 | بەرزی | 27 | 4.62 | 0.697 | 0.800 | 0.01 | برگەی 39 | بەرزی | 27 | 4.36 | 0.827 | 3.656 | 0.000 |
| | نزمی | 27 | 4.52 | 0.544 | | | | نزمی | 27 | 4.14 | 0.7 | | |
| برگەی 18 | بەرزی | 27 | 4.3 | 0.678 | 2.470 | 0.011 | برگەی 40 | بەرزی | 27 | 4.62 | 0.567 | 0.838 | 0.000 |
| | نزمی | 27 | 3.96 | 0.699 | | | | نزمی | 27 | 4.68 | 0.471 | | |
| برگەی 19 | بەرزی | 27 | 4.28 | 0.834 | 0.262 | 0.000 | برگەی 41 | بەرزی | 27 | 4.64 | 0.563 | 0.321 | 0.034 |
| | نزمی | 27 | 4.24 | 0.687 | | | | نزمی | 27 | 4.3 | 0.544 | | |
| برگەی 20 | بەرزی | 27 | 4.68 | 0.513 | 3.511 | 0.014 | برگەی 42 | بەرزی | 27 | 4.64 | 0.598 | 1.541 | 0.004 |
| | نزمی | 27 | 4.32 | 0.513 | | | | نزمی | 27 | 4.3 | 0.814 | | |
| برگەی 21 | بەرزی | 27 | 4.58 | 0.575 | 0.730 | 0.020 | برگەی 43 | بەرزی | 27 | 4.64 | 0.631 | 1.436 | 0.010 |
| | نزمی | 27 | 4.66 | 0.519 | | | | نزمی | 27 | 4.78 | 0.418 | | |
| برگەی 22 | بەرزی | 27 | 4.2 | 0.833 | 2.275 | 0.005 | | | | | | | |
| | نزمی | 27 | 4.52 | 0.544 | | | | | | | | | |

بەم جۆرەش دەتوانین بڵێین برگەکان توانای جیاکردنەوەیان لە نێوان ئەو تاکانەی  کە ئاستی هەستی بەرپرسیارییەتی بەرزە و ئەوانەی ئاستی بەرپرسیارییەتی نزمە هەیە.

## 5-تایبەتمەندی پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی:

بە شێوەیەکی کۆتایی پێوەری بەرپرسیارییەتی لە(43)برگە پێکهاتبوو بەشێوەیەکی گشتی برگەکان لەلای خوێنکاران ڕوون بوو ، وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆکی برگەکان بە جۆری پێنج بژاردە دارێژراوە" واتە بۆ پێنج بژاردە و وەڵام لە بەرانبەر برگەکان هەیە ، کە بریتین لە (هەمیشە وام، زۆر جار وام، تا ڕادەیەك وام، زۆر جار وانیم ،هەرگیز وانیم) و بەهای بژاردەکان بریتین لە (5-4-3-2-1) بە هەمان ڕیزبەندی.

**9) ئامرازە ئامارییەکان:Statistical Tools**

سود لە پرۆگرامی (SPSS)هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڤێرژنی (27) وەرگیرا،

**تەوەری / بەشی چوارەم**

خستنەڕووی ئەنجام وشیکردنەوەیان لەم بەشەدا توێژەر ئەنجامەکان دەخاتە روو بە پیی گریمانەکان ، بۆ دڵنیانوون لە دابەشبوونی داتاکان لای نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پێوەرەکانی (سەرووی زانەکی – هەستی بەرپرسیارییەتی )، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی.

**یەکەم/ ئەنجامەکان**

توێژەر لەم بەشەدا دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو بە پێی گریمانەکانی توێژینەوەکە وهەوڵی شیکردنەوەیان دەدات و بەرواریان دەکات لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو ئەگەر هەبێت.

**گریمانی یەکەم /**

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزموونی یەکەم کە بە ستراتیژیەی(ڕۆڵگێران)وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆلکراوکە بە ستراتیژیەی ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی سەروی زانەکی

بۆ گەیشتن بەدروستی ئەم گریمانە توێژەر دوای داخیلکردنی داتاکان بۆ بەرنامەی(SPSS)بە بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری تاقیکردنەوەی (Independent Sample T .test) بۆ دوو گروپی سەربەخۆ لە ئەنجامدا،ئەم پێوەرە پێکهاتبوو لە (4)ڕەهەند،کە ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری نمرەکانی خوێندکارانی هەردوو گروپەکە دۆزرایەوە.وەکو ئەوەی لە خشتەی (19) دا روونکراوتەوە.

**خشتەی(19)بەراوردکردنی تاقیکردنەوەی پاشینەی گروپی ئەزمونی یەکەم (ستراتیژیەی ڕۆڵگێران) و گروپی کۆنترۆڵکراو لە پێوەری بیرکردنەوەی سەروزانەکی**

| ەهەندەکان ەروزانەکی | گروپەکان | ژ.نموونە | ناوەندی ژمێریاری | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | Sig. (2-tailed) | بەهای(T) | | ئاماری بەڵگەدارە(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| ڕەهەندی یەکەم | گرۆپی کۆنترۆڵکراو | 31 | 34.84 | 16.62 | 3.86 | .000 | 17.899 | 2.00 | بەڵگەدارە |
| | گروپی ئەزموونی | 30 | 51.47 | | 3.31 | .000 | | | |
| ڕەهەندی دووەم | گرۆپی کۆنترۆڵکراو | 31 | 34.35 | 8.64 | 4.26 | .000 | 10.371 | 2.00 | بەڵگەدارە |
| | گروپی ئەزموونی | 30 | 43.00 | | 1.66 | .000 | | | |
| ڕەهەندی سێیەم | گرۆپی کۆنترۆڵکراو | 31 | 34.10 | 11.57 | 3.82 | .000 | 13.159 | 2.00 | بەڵگەدارە |
| | گروپی ئەزموونی | 30 | 45.67 | | 2.97 | .000 | | | |
| ڕەهەندی چوارەم | گرۆپی کۆنترۆڵکراو | 31 | 37.32 | 7.91 | 4.12 | .000 | 8.150 | 2.00 | بەڵگەدارە |
| | گروپی ئەزموونی | 30 | 45.23 | | 3.39 | .000 | | | |
| ۆی گشتی | گرۆپی کۆنترۆڵکراو | 31 | 140.61 | 44.76 | 8.55 | .000 | 22.4 | 2.00 | بەڵگەدارە |
| | گروپی ئەزموونی | 30 | 185.37 | | 6.90 | .000 | | | |

لەم خشتەی سەرەوە نیشان دەدات کە بەهای گشتی (t) هەژمارکراو (22.4) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و نمرەی ئازادی (59) زیاترە لە بەهای(t) خشتەی (2.00). لێرەوە ڕوونە کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی دوو گروپەکەدا هەیە، بە سەرنجدان بەوەی کە لە هەر چوار ڕەهەندەکەدا بۆی دەرکەوت کە هەموو لە ڕەهەندەکاندا جیاوەزیەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپی ئەزموونی یەکەم بە ڕێگاری ڕۆڵگێران و گروپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگاری ئاسایی بوونی هەیە ، ئەمەش بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە (p- value) بچوکترە لە ئاستی (0.05) ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ گروپی ئەزموونی یەکەمی(ستراتیژیەی ڕۆڵگێران)، چونکە ناوەندی ژمێریاریی بریتییە لە (185.37) گەورەترە لە ناوەندی ژمێریی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بریتییە لە (140.61).بۆیە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەندەکرێت.واتا لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی یەکەم بە ستراتیژیەی(ڕۆڵگێران) وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ستراتیژیەی ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە رووی بیرکردنەوەی سەرووی زانەکیدا.توێژەر هۆکارەکانی گەڕاندەوە بۆ بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ڕۆڵگێران کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبوو لە بەهێزکردنی لێهاتوونی بیرکردنەوەی زانیاری لای خویندکاری مامۆستا لە بواری "بینین و جێبەجێکردن". ئەو خوێندکارانەی کە ئەم ستراتیژیەتەیان بەکارهێنا، توانایان زیاتر بوو بۆ ڕێکخستنی بیرکردنەوەیان دەربارەی چۆنیەتی پلانداناں بۆ ئەرکەکانی وانەوتنەوە، و شوێنکەوتنی پێشکەوتنیان لە کاتی پراکتیزەکردنی وانەوتنەوەدا، و هەڵسەنگاندنی کارکردنیان بە شێوەیەکی بێلایەن، و پەرەپێدانی هۆشیاری خۆیان بە شێوازەکانی فێربوونیان.
ئەنجامەکانی ئەم توێژنەوەیە هاوڕایە لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەکانی توێژینەوەی (المعشوق ،الصلال،2024)و(Smith،2020)و(علی،2018) دەرکەوتووە کە ستراتیژیەیی بە ستراتیژیەتی رۆڵگێران کاریگەری هەبووە. ئەم توێژینەوەش ستراتیژیەتی رۆڵگێران کاریگەری هەبوو لەسەربیرکردنەوەی سەرووزانەکی.

**گریمانی دووەم**

هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05 ) بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزموونی یەکەم کە بە ستراتیژیەی(ڕۆڵگێران) وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ستراتیژیەی ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە ئاستی هەستی بەرپرسیارییەتی.
بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر دوای بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری (Independent Sample T.test)تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو گروپی سەربەخۆ ئەنجامدا، و دەردەکەوێت کە بە های (ت) دەستکەوت یەکسانە بە (13.63) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی یەکسانە بە (1.671)، بە نمرەی ئازادی یەکسانە (59) بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە،وەك لە خشتەی (20) دا هاتووە :

**خشتەی(20)بەراوردکردنی تاقیکردنەوەی پاشینەی گروپی ئەزمونی یەکەم (ستراتیژیەی ڕۆڵگێران) و گروپی کۆنترۆڵکراو لە پێوەری ئاستی هەستی بەرپرسیارییەتی**

| پێوەری | گۆڕاو | ژ.نموونە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوەری | sig | بەهای(T) | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| هەستی بەرپرسیارییەتی | گرۆپی کۆنترۆڵکراو | 31 | 170.87 | 24.66 | 0.001 | 13.63 | 1.671 | بەڵگەدارە |
| | گروپی ئەزموونی | 30 | 232.53 | 2.177 | | | | |

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزموونی کە بریتیە لە(232.53)وبە ستراتیژیەی رۆڵگێران وانەپێوتراوە لە پێوەری هەستی بەرپرسیارییەتی گەورەترە لە بەرانبەر ناوەندی ژمێرەیی گروپی کونترولکراو یەکسانە بە (170.87). لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیدایە کە بە ریگای رۆڵگێران لە بابەتی (بینین و جێبەجیکردن) وانەیان پێ دەوترێتەوە بە بەراوەردکردن لەگەڵ گروپی کونترولکراو کە بە ستراتیژیەی ئاسایی وانەیان پی دەوترایەوە . بەم جۆرە دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە .بەمشێوەیە گریمانەی سفری رەت دەکرێتەوە ،و گریمانەی لە جێگرەوەپەسەند دەکرێت. سەرکەوتنی گروپی ئەزموونی کە وانەیان بە ستراتیژیەتی رۆڵگێران دەخوێند،لەسەر گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان وانەیان بە ستراتیژیەی ئاسایی وەرگرت،توێژەر هۆکارەکانی گەڕاندەوە بۆ خوێندکار یارمەتی هاوپۆلەکانی دەدات لە هەندێک کارە هاوبەشەکاندا لە ناو هۆڵەکەدا.وقوتابی گونجاوترین چارەسەر هەڵدەبژێرێت بۆ کێشەکە.خوێندکار بە متمانەوە و بەبێ ترس ڕۆڵی خۆی دەگێرێت لە کاتی وانەوتنەوەدا لە ناو پۆل.وبەرزبوونەوەیەکی بەرچاو هەیە لە هەستی بەرپرسیارییەتی خوێندکار لە کاتی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی رۆڵبینین بە بەراورد لە سەرەتای خوێندن و هەروەها بە بەراورد لەگەڵ گروپی کۆنترۆڵکراو کە بەشداری لەم چالاکییەدا نەکردووە. باشترکردنی مامەڵەی خوێندکار لەگەڵ هاوپۆلەکانی و پیشەی مامۆستایەتی ، و ڕێزگرتن لە مافەکانی بیرکردنەوەی کەسانی تر، وە دانانی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی ڕاست ودروست.فێربوون لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی کرداریەوە ڕۆڵگێران دەرفەت دەدات خوێندکاران کە دۆخی ڕاستەقینە تاقی بکاتەوە لە وانەوتنەوەدا، وەک: کۆنترۆڵکردنی پۆل، دابەشکردنی ئەرک، تێبینیکردن ئەمەش تێگەیشتنەکەی زیاد دەکات لە بەرپرسیارییەتەکانی وەک مامۆستا.

ئەنجامەكانی ئەم توێژنەوەیە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکانی توێژینەوەی توێژینەوەی (المعشوق ،الصلال،2024)و(Smith،2020)و(علی،2018) دەرکەوتووە کە ستراتیژیەیی بە ستراتیژیەتی ڕۆڵگێران کاریگەری هەبووە بەڵام بە گۆڕاوی پاشکۆی تر. ئەم توێژینەوەش لەسەر هەستی بەرپرسیارییەتیە.
قەبارەی کاریگەر لە گروپی ئەزموونی یەکەم (ستراتیژیەی ڕۆڵگێران) بە هاوکێشەی کۆهێن(Cohen effect size) دەرهێنرا .وەك لە خشتەی(21):

**خشتەی(21)قەبارەی کاریگەر لە گروپی ئەزموونی یەکەم (ستراتیژیەی ڕۆڵگێران) بە هاوکێشەی کۆهێن**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بەهای (ت) | نمرەی ئازادی | بەهای قەبارەی کارگەر | بڕی قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|
| ستراتیژیەی ڕۆڵگێران | 13.63 | 59 | 3.54 | کاریگەری زۆر گەورەیە |

لەم خشتەی دەردەکەوێت کە ئەنجامی قەبارەی کاریگەری هاوکێشەیی کۆهین بریتی بوولە (3.54) کە بە ئاستێکی زۆر بەرز لە کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەی ڕۆڵگیران لە سەر هەستی بەرپرسیارییەتی دادەنرێت.

**سێیەم/ دەرەنجام وراسپاردەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/دەرئەنجامی توێژینەوەکە**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا ، توێژەر لەم ئەنجامانەی بۆ دەرکەوت کە بەکارهێنانی ستراتیژیەی ڕۆڵگێران کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەی سەروزانەکی و هەستی بەرپرسیارییەتی لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە بابەتی بینین وجێبەجێکردن بە بەراورد بە ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی لە خوێندنی زانکۆییدا.

**دووەم/ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکات : -

1- ڕاسپاردەمان بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین ئەوەیە، کە بەپلانێکی زانستی و تۆکمە لە کۆلێژی پەروەردەی-مخمور بەشی دڵنیایی جۆریی ڕابسپێرێت لەسەر ئەنجامدانی خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە هەموو تەوەرەکانییەوە بەبەشدارییپێکردنی خوێندکارانی زانکۆ بەتایبەتی خوێندکاری مامۆستا لە بابەتەکانی (بینین وجێبەجێکردن، ڕێگاکانی وانەوتنەوە ) بۆ ئاشنابوون بەوستراتیژییەتانە.
2- وەزارەتی خوێندنی باڵا هەستێت بەدروستکردنی هۆڵی تایبەت لە کۆلێژی پەروەردەی-مخمور بۆ ئەنجامدانی کاری پراکتیکی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیە نوێیەکان چونکە نەبوونی هۆڵێکی چەسپاو و ئامادەکراو دەبێتە هۆی ئەستەمی لە جێبەجێکردنی ستراتیژیەکان کە کاری بە گروپ لە خودەگرن.

**سێهەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر پێشنیار دەکات کە توێژەرانی دوای خۆی چەند بابەتێکی ترهەیە کە لە دەرئەنجانی توێژینەوەکە دەرکەووتوە پێویستە توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

1- کارایی ستراتیژی ڕۆڵگێران لەسەر دەستکەوتی خوێندن وگەشەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ.
2- کاریگەری ستراتیژی ڕۆڵگێران لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە یان بیرکردنەوەی ئەرێنی، کارامابیەکانی ژیان لای خوێندکارانی زانکۆ.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**


2- Anastasi, A., & Urbina,. (1997). Psychological testing7 ) th ed .(Upper Saddle River, New Jersey: Prentice Hall.
3- Cox, M. T. (2005). Metacognition in Computation:A selected history. BBN Technologies, 39 وەرگیراوە . لەchrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://cdn.aaai.org/Symposia/Spring/2005/SS-05-04/SS05-04-002.pdf
4- Flavell, J. (1979). Metacognition and Cognitive Monitoring A New Area of Cognitive—Developmental Inquiry. Stanford University, 906-911.
5- Fraenkel, J., Wallen, N., & Hyun, H. (2011). How to Design and Evaluate Research in Education18) .th ed .(New York: McGraw-Hill Companies.
6- Lewin, K. (1951). Field Theory in Social Science. Harvard University press.
7- Nasiba, J. (2022, 4 29). MECHANISMS OF FORMATION OF PROFESSIONAL RESPONSIBILITY AND ETHICS IN STUDENTS IN THE PROCESS OF PEDAGOGICAL AND QUALIFICATION PRACTICE. EUROPEAN

INTERNATIONAL JOURNAL OF MULTIDISCIPLINARY RESEARCH AND MANAGEMENT STUDIES, 2(4), 181-186. doi:doi.org/10.55640/eijmrms-02-04-32

8- Oluwatayo, J. A. (2012). Validity and reliability issues in educational research. Journal of Education and social Research2, 2(2), 391 -400. doi:10.36941/jesr

9- Turner, V. (1969). The Ritual Process: Structure and Anti-Structure. United States: Cornell University press.

**سەرچاوەی عەرەبی/**

10- البطاشية، ن. س. (2023) فاعلية التدريس بنموذج وودز في تنمية مهارات ما وراء المعرفة والتحصيل الدراسي في مادة العلوم لدى طالبات الصف الثامن الأساسي. رسالة ماجستير. عمان: جامعة الشرقية.

11- بهلول، إ. أ. (2004) ′الأهمية التربوية للتفكير ما وراء المعرفة′, مجلة العلوم التربوية والنفسية, ص 145–166.

12- جلو، ج. خ. (2024) ′أثر استخدام معالجة المعلومات في التفكير ما وراء المعرفة لطلبة قسم العلوم في كلية التربية الأساسية′, مجلة العلوم الأساسية 24 ,(JOBS), ص 117–134.

13- حلس، د. د. (2003) تأثير أسلوب الخبرة الدرامية في تحسين مستوى الكتابة الإملائية والاتجاه نحوها لدى تلاميذ الصف السادس الأساسي. رسالة ماجستير غير منشورة. غزة: كلية التربية.

14- الخطيب، م. ا. و الخطيب، ا. ح. (2011) الاختبارات والمقاييس النفسية. ط1. عمان: دار الجامد للنشر والتوزيع.

15- الداخل، س. ت. (2014) معجم فروق المصطلحات التربوية والنفسية. بغداد: دار الصفاء.

16- الدلفي، ن. ي. خ. (2012) أثر استراتيجية التدريس التبادلي في تنمية مهارات ما وراء المعرفة والتحصيل في مادة علم نفس الطفل لدى طلاب معهد إعداد المعلمين. رسالة ماجستير. واسط: مكتبة العتبة العباسية الرقمية.

17- سلامي، ع. ح. (2006) أساليب التدريس الحديثة. بيروت: دار النهضة العربية.

18- الطريري، ع. س. (2014) القياس النفسي والتربوي: نظريته، أسسه، تطبيقاته. ط2. الرياض: مكتبة الرشد.

19- عاشور، أ. م. (2018) الابتزاز العاطفي والانحياز المعرفي وعلاقتهما بالمسؤولية الشخصية لدى المعلمين. أطروحة دكتوراه. بغداد: جامعة بغداد.

20- العباس، م. خ.، نوفل، م. ب.، العبسي، م. م. و أبو عواد، ف. م. (2007) مدخل إلى مناهج البحث في التربية وعلم النفس. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.

21- عثمان، س. أ. (2010) التحليل الأخلاقي للمسؤولية الاجتماعية. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

22- العقابي، و. ب. و القريشي، م. ع. (2013) ′فاعلية استراتيجية البيت الدائري في تنمية اتخاذ القرار ومهارات ما وراء المعرفة لدى طالبات الصف الخامس الأدبي′, مجلة كلية التربية / جامعة واسط, ص 271–343.

23- علوان، ي. ف.، محمد، ف. ي. و سعد، أ. ع. (2014) المفاهيم العلمية واستراتيجيات تعلمية. ط1. عمان: مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع.

24- العنزي، ت. ن. و خالد، ش. (2023) ′تطوير مقياس التفكير ما وراء المعرفي وفق نموذج التقدير الجزئي′, دراسات عربية في التربية وعلم النفس, 147(2), ص 23–52.

25- عودة، أ. (2014) القياس والتقويم في العملية التدريسية. ط3. الأردن: دار الأمل للنشر والتوزيع.

26- قاسم، ج. م. (2008) فعالية برنامج إرشادي لتنمية المسؤولية الاجتماعية لدى طلاب المرحلة الثانوية. رسالة ماجستير. كلية التربية، الجامعة الإسلامية.

27- محمد، س. م. (2017) ′التفكير ما وراء المعرفة لدى طلبة الجامعة وعلاقته ببعض المتغيرات′, مجلة العلوم الإنسانية لجامعة زاخو, 5(4), ص 1125–1136.

28- المعشوق، ن. ع. و الصلال، م. س. (2024) ′فاعلية استراتيجية لعب الأدوار في تنمية المهارات الحياتية لدى طالبات الصف الأول متوسط′, مجلة بحوث، 4. doi:10.21608/buhuth.2024.339034.1783.

29- نادبة، م. س.، علي، ب. ح. وكمال، ن. م. (2022) ′فاعلية استخدام استراتيجية لعب الأدوار في تدريس التربية الموسيقية لتنمية التحصيل الدراسي′, مجلة جامعة جنوب الوادي الدولية للعلوم التربوية.

**30- سەرچاوەی کوردی/**

31- سعید, ب. ع., & محمد, ک. ع. (2022). کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجێتییەکانی "وتووێژی سوکراتی وکێشە بنێرە" لەسەر بیرکردنەوەی زانس تی و ئاڕاس تە بەرەو وانەی گفتوگۆی ئ ەکادیم ی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە. 1. doi:DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp57-75

32- کریم, ش. س. (2014). کاریگەری ڕێگای ڕۆڵبینین لە بابەتی مافی مرۆڤ لە سەر دەسکەوتی خوێندن و گەشەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای فێرخوازانی قۆناغی پێنچەمی بنەرەتی. کۆیە: توێژینەوەی ماستەر (بڵاونەکراوە).

**فاعلية الاستراتيجية لعب الأدوار في تنمية مهارات التفكير ماوراء المعرفة ومستوى الشعور بالمسؤولية لدى طالب المعلم في كلية التربية المخمور**

**المستخلص**

إستهدف البحث الى التعرف على "فاعلية الاستراتيجية لعب الأدوار في تنمية مهارات التفكير ماوراء المعرفة ومستوى الشعوربالمسؤولية لدى طالب المعلم في كلية التربية المخمور في جامعة صلاح الدين للعام الدراسي 2024-2025. ،وقد اتبعت الباحثة المنهج التجريبي ،حيث تم اختيار عينة البحث من طلبة المرحلة الرابعة في قسم اللغة الكردية، كلية التربية-مخمور (2024-2025)،وبلغ عددها (61)طالب تم تقسيمهن عشوائياً الى مجموعتين احداها تجريبية وبلغت(30)طالبة والاخرى ضابطة بلغت(31)طالب، تمت اجراءات التكافؤ للمجموعتين في عدد من المتغيرات :العمر الزمني و معدلات درجات التحصيل الدراسي (العام ولمادة طرائق التدريس)، ،مستوى الذكاء،والتحصيل الدراسي للوالدين)،حيث تم تدريس المجموعة التجريبية باستراتيجية لعب الأدوار ودُرست المجموعة الضابطة بالطريقة الاعتيادية.وقامت الباحثة باعداد استبيان(التفكير ما وراء المعرفة)بالاعتماد على (5)بحوث،وتألف الاستبيان من(40)فقرة موزعة على الاربعة محاور (التخطيط - المراقبة- التقويم -الوعي) ، كما قامت الباحثة ببناء الاستبيان ل(الشعور بالمسؤولية) معتمداً على الاسئلة المفتوحة وبلغ(43) فقرة . وبعد التحقق من صدقه وثباته.لكلا المقياس تم تطبيقه على العينة التجريبية. ثمَّ قامتِ الباحثةُ بتطبيق تجربة البحث على المجموعتين واستمرتِ التجربةُ مدة (6) أسابيع،وبعد جمع البيانات تمّ تحليلها ومعالجتها إحصائياً ،باستخدام برنامج (SPSS)،حيث اظهرت النتائج:وجود فرق ذو دلالة احصائية عند مستوى دلالة(0.05)في اختبار المقياس التفكير ماوراء المعرفةو في اختبار المقياس مستوى الشعور بالمسؤولية بين المجموعتين ولكلا اختباريين كانت لصالح المجموعة التجريبية. وفي ضوء النتائج اوصت الباحثة بعض التوصيات،وتم اقتراح بعض المقترحات لأجراء بحوث مستقبلية على غرارها.

**الكلمات المفتاحية** : لعب الأدوار- الاستراتيجية – تفكير ماوراء المعرفة- شعور بالمسؤولية- طالب المعلم.